**بارودۆخی کوردستانی عیراق**

**لە ماوەی دانوستانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا**

**( ١٩٨٣-١٩٨٥ )**

**توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە**

**ئەحمەد حەمەدئەمین**

## پێشەکی

بارودۆخی کوردستانی عیراق لە ماوەی دانوستانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا لە نێوان( ١٩٨٣- ١٩٨٥) گرنگی و تایبەمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی لە سەروبەندی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان چەندین پێشهاتی سیاسی کاریگەر لە ناوچەکەدا ڕوویاندا. لێرەشدا کاتێك جەنگی عیراق- ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ سەرهەڵدەدات و بەردەوام دەبێت، کاریگەری دەکاتە سەر هەڵوێست گۆڕینی ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە هێزە کوردستانییەکان، بە تایبەت دوای ئەوەی شەڕەکە بەردەوام دەبێت و تەرازووی سەرکەوتنەکان لە ساڵی ١٩٨٢ بەلای هێزەکا ... ێت، بەمەش سەرکردایەتی ڕژێمی بەعسی دێنە سەر بیری ئەوەی بۆ مەبەستی بار سووکی سوپاکەیان لەگەڵ یەکێك لە هێزە کوردستانییەکانی ئەو کات کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە بکەوێتە دانوستانەوە، چونکە هێزە کوردستانییەکان بە گشتی و یەکێتی نیشتمانی کورستان بە تایبەتی لە دوای سەرهەڵدا ... ڕشەوە چالاکییەکانییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بووندا بوو، ئەگەرچی لە ناوخۆیاندا لە شەڕێکی ناوخۆیی بێ ئەنجامدا بوون. ئیتر لە ژێر ڕۆشنایی شیکردنەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستانی عیراق و هۆکاری دەستپێکردنی دانوستان و ئەنجامەکانی، لە دووتۆی توێژینەوەیەکدا ئەم ئەرکەمان گرتە ئەستۆ.

هەڵبەتە کارێکی لەم جۆرە بابەتە پێویستی بە پشوو درێژیی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانیت بە سەرکەوتوونانە مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی نێو سەرچاوەکان بکەیت و، بێ لایەنانە هەڵیان سەنگێنیت و ڕاشکاوانە بیروڕای خۆت بڵێیت. ئیتر وردبوونەوە لەوەی ئاماژەمان بۆ کرد و درەنگ دەسکەوتنی هەندێ لە سەرچاوەکان ئەگەرچی بوونەتە هۆکاری دواکەوتنی تەواوبوونی توێژینەوەکە، بەڵام نەبوونەتە هۆکاری ئەوەی توێژینەوەکە بە ئەنجام نەگات، کە لە پێشەکی و دەروازەیەك و دوو بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

**لە دەروازەدا**: ئاماژە بۆ ئەو قۆناغە مێژووییەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەکەین کە دوای سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ هاتە پێشەوەو، کە تیایدا ژمارەیەك پارت و ڕێکخراوی سیاسی هاتنە

مەیدانی خەبات، ئیتر لەبەر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخە باسی ڕەوشی کوردستانی عیراق دەکەین تا دەست پێکردنی دانوستانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٣.

**بەشی یەکەم:** کە دوو تەوەر لە خۆی دەگرێت.

لە تەوەری یەکەمدا باس لە بارودۆخی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێم بەعس دەکەین، کە لایەنی یەکەمیان لە ڕەوشێکی پڕ لە شەڕو ململانێی دابوو لە سێ بەرەی جیاوازدا، بەرەی ڕژێمی عیراقی، بەرەی هێزە کوردستانییەکان(بەرەی جود)، بەرەی ئێران. لایەنی دووەمیشیان ماوەی سێ ساڵ بوو لە شەڕێکی گەورە دابوو لەگەڵ ئێرانی دراوسێی و باری کەوتبووە لێژی. ئیتر لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەو هەندێ هۆکاری دیکە بڕیاری دانوستان لەگەڵ یەکدی دەدەن.

لە تەوەری دووەم: باس لە دەستپێکردنی دانوستانەکان دەکەین لەگەڵ هاموشۆکردنی شاندەکانیان و ناوەرۆکی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی دەکەین.

**بەشی دووەم:** کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: تەرخان کراوە بۆ هەڵوێستی هەواداران و ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و، هێزە کوردستانی و عیراقییەکان و، وڵاتانی ناوچەکە، سەبارەت بە دەست پێکردنی دانوستانەکان، کە هەر لە سەرەتاوە لە دژی بووینەو پروپاگەندەیان بڵاوکردۆتەوەو، بەیاننامەیان لە دژی دەرکردووە.

لە تەوەری دووەم: ئاماژە بە سیاسەتی ڕژێم دەکەین لە کاتی دانوستانەکان کە نیشانی ئەوەدەدات ڕژێم بە تەنگ باش بەرێوەچوونی دانوستانەکان نەبووە، بۆیە پەیرەوەکردنی ئەو سیاسەتانەی ڕژێم و هەندێ هەوڵی ناوچەیی وهاوکاری نێو دەوڵەتی دەبێتە هۆکاری سەرنەکەوتنی دانوستانەکان.

**لە ئەنجامدا** ئاماژە بۆ ئەو خاڵانە دەکەین کە لە دوو توێی باسەکەدا پێ گەیشتوون.

دیارە بۆ باسێکی وا توێژەر پێویستی بە ژمارەیەك سەرچاوە دەبێت بۆ ئەوەی پشت بە زانیارییەکانیان ببەستێت، ئێمەش لەم توێژینەوە پشتمان بە چەندین سەرچاوەی جیاواز بەستووە. وەك:

یەکەم: نووسراو بەیاننامەو دیکۆمێنتی بڵاونەکراوەو بڵاوکراوەی ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەی ئەو سەردەمە کە لەسەر گۆڕەپانی خەبات کاریان کردووە.

دووەم: یادداشتنامەی زۆرێك لەو کەسایەتیانەی کە بەشداری ڕووداوەکانیان کردووەو ڕۆڵیان بینیوە، لە سەرووی هەموویانەوە هەرسێ بەرگی کتێبەکانی نەوشێروان مستەفا ئەمین( لە کەناری روباری دانوبەوە بۆ خری ناوەزەنگ، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، خولانەوەی لە ناو بازنەدا) کە سەرچاوەی زۆر بە سوودن، لەبەر ئەوەی نووسەر یەکێك بووە لە کەسایەتییەکانی ناو ڕووداوەکان و کەسی دووەمی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەمەش وای کردووە لە هەندێ باسەکاندا بێ لایەن نەبێت هەر وەك خۆی باسی کردووە، بەڵام ئەوە نە بۆتە هۆکاری ئەوەی ڕاشکاوانەو بوێرانە هەڵەو لادانەکانی یەکێتی و بەرپرسەکانی باس نەکات. ئیتر بۆ ئەم توێژینەوەیە بەرگی سێیەمیان زۆر بە سوود بووەو زۆرجاریش وابووە لە پەراوێزەکاندا چەند جارێك دووبارە بۆتەوە. جیا لەوەش سوود لە یادداشتەکانی: ئەحمەد بانیخێڵانی( بیرەوەرییەکانم)، ڕێباز( قەندیل بەغدای هەژاند)، ئەرسەلان باییز ئیسماعیل( ڕۆژانی سەخت، بیرەوەری)، حەمە فەرەج هەڵەبجەیی( لە شنرویێ وە بۆ ستکهۆلم)و چەند بیرەوەرییەکی دیکە وەرگیراوە.

**سێیەم: ئەو کتێبە مێژووییانەی کە دەربارەی ئەو سەردەمە بە زمانە جیاجیاکان نووسراون وەکو: دیڤید ماکداول( مێژووی هاوچەرخی کورد) بەرگی دووەم، فاتح رسول( صفحات من تاریخ کفاح الشعب الکردی) بەرگی سێیەم، صلاح الخرسان ( التیارات السیاسیة في کردستان العراق قراءة في ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١).**

**چوارەم: ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانەی کە دەربارەی ئەو سەردەمە نووسیویانە، لە سەرووی هەموویانەوە، تێزی دکتۆراکەی، عەلی تەتەر نیروەی( بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا"١٩٨٠- ١٩٨٨")، سوودی بۆ ئەم توێژینەوەیە زۆر بووەو، لە هەندێك کاتدا وەك ئاوێنەیەك پێشاندەری لایەنە شاراوەکان بووە، بەهۆی ئەوەی توێژەر باسەکەی بە زۆێك لە دیکۆمێنت و بلاوکراوەی ئەم سەردەمە دەوڵەمەند کردووە.**

**پێنجەم، سازدانی دیمانە لەگەڵ هەندێ لەو کەسایەتیانەی کە ڕۆڵیان لەم قۆناغ و سەردەمەدا هەبووە.**

**ئیتر ئەمانەو ژمارەیەك سەرچاوەی دیکە هەوێنی بەرهەم هێنانی ئەم توێژینەوەیەن کە لە ریزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەمان بۆ کردوون.**

**لە ڕاستیدا، هیچ توێژینەوەیەك نییە کەم و کورتی تیادا نەبێت و، تێبینی و ڕەخنە لە خۆی نەگرێت. ئەم توژێنەوەیەش لەمە بەردەر نییە، بۆیە دەخوازم لە خوێنەری بەڕێز لە کەم و کورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری سەرختی زیاتر کارەکە.**

## دەروازە: بارودۆخی کوردستان بەر لە دەست پێکردنی دانوستانەکان

دوای بەستنی پەیماننامەی جەزائیر لە ٦ی مارتی ١٩٧٥و نسکۆ هێنانی شۆڕشی ئەیلول، بارودۆخی کوردستانی عیراق پێنایە قۆناغێکی تازەوە، کە تیایدا دەسەلاّتدارانی ڕژێمی عیراقی هەموو هەنگاوێکیان گرتبەر لە پێناو کپکردنەوەی دەنگی کوردو نەهێشتنی دەست پێکردنەوەی شۆڕشێکی سەرتاسەری کە کار بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد بکات[١].

لە بارودۆخێکی ئاوادا کە سەرانی ڕژێمی بەعس سەرهەڵدانەوەی شۆڕشیان بە مەحاڵ دەزانی، دەبوو شۆڕشگێرانی کوردستان ئەوە بسەلمێنەوە کە شۆڕشی کوردی کۆتایی نەهاتووە، بۆیە بە هەستکردنێکی نشتمانپەروەریانەو شۆڕشگێرانەوە بڕیاری دەست پێکردنەوەی شۆڕشیانداوە. ئەوەتا مەسعود بارزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر نسکۆی شۆڕش، داوای ڕووخستیانە لە مستەفا بارزانی (١٩٠٣– ١٩٧٩) کردووەو سەر لە نوێ کاریان بۆ ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کردووە[٢]، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە هەر بە ئامانجی دەستپێکردنەوەی شۆڕش لەسەر دەستی جەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانی لە سوریا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دێتە دامەزراندن[٣]. ئیتر لەو هەلومەرجە نوێیەدا بە بیروڕای جیاواز چەندین پارتو ڕێکخراوی سیاسی هاتنە مەیدانو، جارێکی دیکە شۆڕش لە کوردستانی عیراق لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە جار درایەوە.

شیاوی باسە، سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشو چۆنییەتی دروست بوونی هێزی پێشمەرگەو ئەنجامدانی یەکەمین کارو چالاکی، مشتومڕی لە نێوان سەرچاوەکانی تایبەت بەو سەردەمە دروست کردووە، ئەوەتە مەسعود بارزانی دەڵێ:" **ئەو مەفرەزەی لە ٢٦ی گوڵان( مەبەستی ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ە– توێژەر) چوونە چیاو شۆڕشیان دەست پێکردەوە، ئەندامو پێشمەرگەی پارتی بوونو ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ئەوەوە هەبووو لە لایەن ئەوەوە چەكو پارەتییان بۆ دابین کرابوو**"[٤]، بەڵام جەلال تاڵەبانی دەڵێ:" **ئەم کۆمەڵە پێشمەرگانە پەیوەندیان بە عومەر مستەفا(دەبابە)وە هەبووە کە ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستان بووە، بزووتنەوەش باڵێکی ناو یەکێتی بوو**"[٥]، لێرەشدا بە پشت بەستن بەم لێکدانەوەیە هاوڕادەبین لەگەڵ ئەو توێژەرەی کە بیروڕای یەکەمیانی پێ ڕاسترە، بە بەڵگەی ئەوەی کە

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ هەنگاوەکانی ڕژێم بڕوانە: د. عەلی تەتەر نێروەی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە سالەکانی جەنگی عێراقو ئێران دا ( ١٩٨٠– ١٩٨٨) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ل٢٩ – ٥٠.

(٢) د. عەلی تەتەر نێروەی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

(٣) یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ٢٢ی مایسی ١٩٧٥ لە دیمشق لەسەر دەستی جەلال تاڵەبانی، فوئاد مەعسوم، عادل مورادو عەبدولرەزاق فەیلی، یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی ڕاگەیەنرا، بەلاّم لەبەر ئەوەی دواتر تاڵەبانی دەچێتە ئەوروپاو لەوێشدا بڕگەیەك دەخاتە سەر بەیاننامەکەو لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ بلاّوی دەکاتەوە، ئیتر لەمەوە یەکێتی ئەم مێژوویی دوایی بە ڕۆژی دامەزراندنی خۆی لە قەڵەم دەدات. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سەروەر عەبدالرحمن عمر، یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان دامەزراندنو دەست پێکردنەوەی شۆڕشی ١٩٧٥– ١٩٧٦، سەنتەری چاپو بەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢؛ چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵێك گوتارو چاوپێکەوتن، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

(٤) د. عەلی تەتەر، نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(٥) مام جەلال، یوبێلی زێوین، بەشی هوشیاریو ڕۆشنبیری مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی ی.ن.ك، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٣.

بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان پاش ئەو رووداوە لە ٨ی ئابی ١٩٧٦ دامەرزاوە[١] و، یەکێتیش سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی خۆی بە مێژووی ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ ناو دەبات نەك ٢٦ی گوڵان[٢].

لەگەڵ پەیدابوونەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە شاخاوییەکان، لە ماوەیەکی کەمدا سەدان جوتیاری دێهاتەکانی کوردستان و رۆشنبیرانی شارنشین کە دژی رژێم و سیاسەتەکەی بوون، هاتنە ناو شۆڕشەوەو بوون بە پێشمەرگە[٣]، ئیتر لێرەوە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دەستی پێکردەوە، بەڵام جیاواز لەوەی چاوەڕوان دەکرا، دەبیین لە کاتی هاتنەوەی یەکەمین مەفرەزەی یەکێتی بۆ ناو خاکی کوردستان لە ناوچەی بادینان لە ١٧ی تەمموزی ١٩٧٦ لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی لێیان دەبێتە شەڕو تەنیا چواریان رزگاریان دەبێت کە ئەوانیش دەکەونە دەستی رژێم و لە دواتر لە سێدارە دەدرێن[٤].

بەردەوامی چالاکی هێزی پێشمەرگە بە تایبەت لە هاوینی ١٩٧٦ لە ناوچەکانی رانیە، چوارتا، هەڵەبجە، سەنگەسەرو پشدەر، رژێمی هێنایەوە هۆش بەوەی شۆڕشی کورد کۆتایی نەهاتوە، بۆیە کەوتنە هەوڵی ئەوەی شۆڕش و فەرهەنگی پێشمەرگە لە بەر چاو خەڵك ناشیرین بکەن تا خەڵکی کەمتر پەیوەندیان پێوەبکات، بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەك دەستە چەکداری هاوشێوەی پێشمەرگەریان دروست کرد و جل و بەرگی کوردیان لەبەر کردن تا بە ناوی پێشمەرگەوە بە کاری خراپ و تێکدەرانە هەڵبستن، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە هەڵسا بەوەی رێز لەو کەسایەتییە بەرچاوو ماقوڵانە بگرن کە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق راگوێزرابوون، هەروەها دەبوو کار بۆ ئەوەش بکەن بێکاری نەهێڵێن و چاودێری ئەو گوند نشینانە بکەن کە هاوکاری شۆڕشن[٥]. واتە بەگشتی دەبوو رژێم بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ ئەگەرچی ژمارەیەك کارو چالاکی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە لە شوێنە جیاجیاکان لە دژی سەربازگەکان ئەنجامدرا، کەچی هاوکات لەگەڵ ئەوەدا هێزەکانی پارتی و یەکێتی لە پێناوی زیاتر کردنی سنووری ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان لە ململانێ دابوون، بەڵام بە هۆی زاڵ بوونی هێزەکانی رژێم

---

(١) بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ئابی ١٩٧٦ لەسەر دەستی ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، خالید سەعید، ملازم تاهیر عەلی والی، سەعدی کچکە، عومەر مستەفا(دەبابە)، رەسووڵ مەمەند، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی و مەلا ناسیح هاتە دامەرزاندن بە ناوی بزووتنەوەی راستکردنەوە( الحركة التصحيحية) هاتبووە دامەرزاندن، بەڵام دواتر لە ژێر کاریگەری جەلال تاڵەبانی ناوەکەیان گۆری بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و، وەکو باڵێکی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان مایەوە تا ئەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ باڵی کۆمەڵە زیاتر بە دیار کەوتن و لە ٢١ی مارتی ١٩٧٩ جیاکردنەوەی خۆ راگەیاندن و لە ٨ی ئابی هەمان ساڵدا ناوی لە خۆینا حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، کەچی جارێکی دیکە لە کۆنگرەیی ١٦ی مایسی ١٩٨١ ناوەکەی گۆرایەوەو بوو بە حزبی سۆسیالیسی کوردستان. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: بەهرۆز گەلاڵی، رەسول مامەند ٥٠ ساڵ تەمەن و ٣٣ ساڵ خەبات، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٣٤ بە دواوە؛ برزۆ عەلی هەژار، شەهیدی سەرکردە عەلی هەژارو ژیانی و خەباتی سیاسی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣، ل ٤٣ بە دواوە؛ شاخەوان شۆڕش، قادر شۆرش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیووی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦– ١٩٨٣دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خۆیبوون، دانیمارك، ٢٠٠١، ل ٨٦.

(٢) د. عەلی تەتەر نیروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

(٣) ژیرارد چالیاندو ئەوانی تر، گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، وەرگێرانی، م. گۆمەیی، سوێد، ١٩٩٨، ل ٤٠٤.

(٤) شەماڵ عەبدوڵلا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاسۆیەك بۆ گۆران و نوێبوونەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠٧.

(٥) د. عەلی تەتەر نیروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٥–٨٦ .

بەسەر كوردستان بۆيان نەدەلوا بە ئاشكرا سنووری خۆيان دياری بكەن، بۆيە ناوچەكانی سەر سنووری عيراق، ئێران، توركيا گرنگترين ناوچەی ململانێی چارەنووسازی نێوانيان بوو[١].

دەست بەسەر داگرتنی ناوچەكانی بادينان لە لايەن هێزەكانی پارتیو، بوونی هێزەكانی لە ناوچەكانی هەولێرو سلێمانی، سەركردايەتی يەكێتی هێنايە سەر بيری ئەوەی كە دەبێت لە بەرانبەر ئەوەدا هێزێكی يەكێتی ئامادە بكرێت تا پارتی لە ناوچەكە دەربكات، بۆ ئەو مەبەستەش مەكتەبی سياسی يەكێتی بڕيارێك دەردەكاتو لە ناوچەكەدا لەگەڵ هێزەكانی پارتی لێيان دەبێتە شەڕو ژمارەيەك پێشمەرگەی پارتی دەكوژرێن[٢]. ئيتر بەردەوامی ئەو شەڕو كوشتارە لە نێوان هێزەكانی هەردوولا لە دواتر كارەساتی هەكاری لە حوزەيرانی ١٩٧٨ی لێكەوتەوە كە بەشێكی زۆری سەركردايەتیو پێشمەرگەی يەكێتی لەم شەڕدا كوژران[٣].

لەگەڵ ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ چەند گۆڕانكارييەكی ناوچەيیو ناوخۆيی لەگەڵ خۆيدا هێناو كاريگەريیو ڕەنگدانەوەيان لەسەر ڕەوتی بەرێوەچوونی ڕووداوەكان لە ناوچەكەدا هەبوو[٤]، بەڵام پەيوەندی نێوان پارتە سياسييە كوردييەكان هەر وەكو خۆی مايەوەو بگرە بەرەو خراپتريش هەنگاوی نا، بەتايبەت پەيوەندی نێوان پارتیو يەكێتی، پارتیو پارتی ديموكراتی كوردستانی ئێران( حدكا)[٥]، ئەوە سەرەڕای ئەوەی پارتی[٦] و يەكێتی[٧] لە نێوخۆشياندا تووشی قەيران هاتبوون. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ، كە ئەم ڕووداوانە تاڕادەيەك كاريگەريان هەبوو لەسەر كەمكردنەوەی چالاكی هێزی پێشمەرگەو، بێزابوونی خەڵكی كوردستان.

لە لايەكی ديكە، گرژبوونی پەيوەندييەكانی عيراقو ئێرانو، دەست درێژی كردنە سەر خاكی يەكتری لە ساڵی ١٩٧٩و ١٩٨٠، ئەنجام شەڕێكی گەورەی ماڵكاولكاری لێكەوتەوە كە بە شێوەيەكی ڕاستەقينە لە ٢٢ی

---

(١)نەوشيروان مستەفا ئەمين، لە كەناری ڕووباری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ديوی ناوەوەی ڕوداوەكانی كوردستانی عێراق ١٩٧٥–١٩٧٨، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٧، ل ٢٦٥.

(٢) مەلا بەختيار، ياخی بوون لە مێژوو لێكدانەوەی ئاوەژوونەكردنی ڕاستيەكان، چاپی دووەم، چاپخانەی دانان، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٣٠؛ شەمال عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.

(٣) بۆ زياتر زانياری لە مەڕ كارەساتی هەكاری بڕوانە: نەوشێروان مستەفا ئەمين، لە كەناری ڕووبار دانوبەوە...، ل ٢٧٧ بە دواوە؛ مامۆستا عوسمان كانی پانكەيی، سەروەرييەكانی يەكێتيی نيشتمانيی كوردستان لە ڕۆژگارە سەختەكانی گەلی كورددا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٤٠.

(٤) ئەو گۆڕانكارييانە خۆی لەسەرهەڵدانی شۆڕشی ئيسلامی ئێران لە ١١ی مارتی١٩٧٩، هاتنە سەرحكومی سەدام حوسين لە ١٧ی تەمموزی هەمان ساڵو چەند ڕووداوێكی ناوخۆيدا بينييەوە، سەبارەت بە كاريگەری ئەو گۆڕانكاريانە بڕوانە: د. عەلی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣ بە دواوە.

(٥) عبدالله حسن زادە، نيو سەدە تێكۆشان، بەرگی يەكەم، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٥، ل ١٦٥؛ كريس كۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەی كوردو هيوای سەربەخۆيی، وەرگێڕانی: ئەكرەمی ميرداد، چاپخانەی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٥٤.

(٦) بۆ قەيرانو ململانێی نێو پارتی بڕوانە: حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني– العراق قي محطات رئيسية ١٩٤٦– ١٩٩٣، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٨، ص ١٥٣؛ صلاح خرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات و الاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦–٢٠٠١، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١، ص ٢٥٨.

(٧)بۆ قەيرانو ململانێی نێو يەكێتی بڕوانە: نەوشێروان مستەفا ئەمين، پەنجەكان يەكتر ئەشكێنن ديوی ناوەوەی ڕوداوەكانی كوردستانی عيراق ١٩٧٩–١٩٨٣، چاپی سێيەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٣٢؛ بەهرۆز گەلالی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

ئـەیلولی ١٩٨٠ دەسـتی پێكـرد [1]، لێرەشـدا دەسـەڵاتدارانی هـەردوولا كوردیـان بـە فاكتـەرێكی سـەرەكی هەڵگیرسـانی شـەڕكە دەدایـە قەڵـەم، ئەگەرچـی لـە ڕاسـتیدا وانـەبوو [2]، لەبـەر ئـەوەی سـەرەڕای ئـەوەی هێـزە كوردستانیيەكان ئەو جەنگەیان بە دەرفەتێك دەزانی بۆ لە ناوبردنی ڕژێمی عیراقی، كەچی لە هەمان كات دەیانزانی زەرەوو زیانی ئەو شەڕە بۆ كوردو گەلی عیراق چەندە، هەر بۆیە بەردەوام داوای ڕاگرتنی شەڕیان دەكردو هەوڵی ئەوەیان دەدا شەڕی چەكداری خۆیان تێكەڵاوی شەڕی هەر دوو وڵات نەكەن [3].

لە ڕاستیدا، جگە لەوەی ناوچەكانی كوردستان ببوونە بەرەكی فراوانی شەڕو، دەسەڵاتدارانی عیراقی و ئێرانیش هەوڵی ئەوەیان دەدا سوود لە فاكتەری كوردی وەربگرن و لە قازانجی خۆیان بەكاریان بهێنن، بەڵام لە دواتر بارەكە پێچەوانە كەوتەوە، بە تایبەت لە كوردستانی عیراق كە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە گوندەكان بكەونە دەستی هێزی پێشمەرگەو هەزاران سەربازی كوردیش لە ڕیزەكانی سوپای عیراقی ڕابكەن و بێنە ڕیزی شۆڕشەوە [4]. بەمەش هێزێكی بە توانا لە دەروروبەری شۆڕش كۆبوویەوە، بەڵام بەشی زۆری توانای توانای ئەو هێزە لە شەڕی ناوخۆدا بەكارهێنرا [5].

بە هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخە نوێیەی خەباتی سیاسی لە كوردستانی عیراق لە دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، كە ڕەوشەكەی لە بوونی یەك پارتی سیاسییەوە گۆڕی بۆ دامەزراندنی ژمارەیەك پارتی لە یەكتر جیاواز، هەڵومەرجێكی تازەی هێنایە كایەوە كە هێزەكان بیری لە دامەزراندن و كاری بەرەی هاوبەشی یەكتر بكەنەوە، بۆ ئەوەی بەیەكەوە هاوكاری یەكتر بكەن لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجەكانیان، ئیتر هەموو ئەوانە ڕێگای خۆشكرد لەبەردەم ئەوەی كە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی هەنگاو بۆ دامەرزاندنی ئەو بەرەیە بدرێت، كە دواجار خۆی لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموكراتی عیراقی( جوقد) [6] و بەرەی نیشتمانی دیموكراتی عیراقی( جود) [7]دا بینییەوە، بەڵام دیسانەوە لە ئەنجامی بوونی ململانێی نێوانیان

(١) دار الاعلام الخارجي، العداء الايراني للعراق متابعة لا قوال الخميني واعوانه، الطبعة الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣، ص ٤٩.

(٢) د.دلير اسماعيل حقي، العامل الكردي في الحرب العراقية– الايرانية، مجلة زانكۆ، مجلة العلمية لجامعة صلاح الدين، المجلد الاول، العدد(٢)، اربيل، ١٩٩٨، ص٥ .

(٣) بۆ زیاتر زانیاری كاریگەری جەنگ لەسەر كوردستان بڕوانە: د. عەلی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩ بە دواوە.

(٤) میدیل ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماردانی ئەنفال بۆ سەر كورد، وەرگێڕانی: حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٥.

(٥)محمد حاجی محمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕووداوەكانی ٢٠ ساڵ خەباتی شۆڕشی نوێ گەلەكەمان دەكات ١٩٧٦–١٩٩٦، بەرگی سێیەم ١٩٨٧– ١٩٩١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٤٢٠.

(٦) بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموكراتی عیراقی( الجبهة الوطنية القومية الديموقراطية العراقية)(جوقد): لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لە دیمشق هاتە دامەزراندن كە ژمارەیەك لە هێزە بەرهەڵستكارەكانی كوردیو عیراقی لە خۆگرتبوو وەكو:حزبی شیوعی عیراقی، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی( سەركردایەتی هەرێمی عێراق)، بزووتنەوەی سوسیالیستی عەرەبی، ڕێكخراویی سوپای میللی بۆ ڕزگاركردنی عیراق(منظمة الجيش الشعبي لتحرير العراق)، لە هێزە كوردییەكان یەكێتی نیشتمانی كوردستان، حزبی سۆسیالیستی یەكگرتووی كوردستان( حسیك)، بەڵام ئەمەی دواییان بە شێوەیەكی فەرمی بەشدار نەبووو، لە دواتر كشایەوە. نەوشێروان مستەفا ئەمین، پەنجەكان ...، ل ١٧٦؛ ئەحمەد بانیخێڵانی، بیرەوەریەكانم، ستۆكهۆلم، ١٩٩٨، ل ل ٣٩٥–٣٩٦.

(٧) بەرەی نیشتمانی دیموكراتی عیراقی(جبهة الوطنية الديمقراطية العراقية)(جود): لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ هاتە دامەزراندن، لایەنە بەشداربووەكانی ئەو بەرە پێكهاتبوون لە: پارتی دیموكراتی كوردستان، حزبی سوسیالیستی كوردستان(حسك)، حزبی

**کارەی ئەو گردبوونەوەوانەش نەیتوانی سەرکەوتن لە نزیك کردنەوەیان بە دەست بێنی، چونکە سەرکەوتوو نەبوو لەوەی دوو هێزی سەرەکی ئەو کاتە کە پارتی و یەکێتی بوون لە ناو یەك بەرەدا کۆبکاتەوە[1].**

**ڕژێم ئەگەرچی لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ئێران چاوێك بە سیاسەتی خۆی لە ناوچە کوردییەکان خشاندەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو، کە دەست لە سیاسەتی بە عەرەبکردن، ڕاگواستن و...هتد هەڵبگرێت، لەبەر ئەوەی هەر لەم سەردەمە بۆ لێدانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە ژمارەیەك سیاسەتی دیکەی گرتبووە بەر وەکو:**

**١- ناچارکردنی بەشێك لە کورد بە بەشدار کردنیان لە سوپای دامەزراوی بە ناو سوپای میللی(جەیشی شەعبی).**

**٢- دامەزراندنی هێزێك لە کورد کە دواتر بە جاش ناویان دەرکرد، کە بەمەیان بەرەیەکی دیکەی کورد کوژی دروست کرد.**

**٣- گرتن و ئازاردانی باوك و دایك و کەسە نزیکەکانی پێشمەرگە.**

**٤- هەوڵی تیرۆکردنی سەرکردە دیارەکان و هەوڵدان بۆ دروست کردنی گومان لەسەریان لە لایەن خەڵکی.**

**٥- قەدەغە کردنی هەموو دانیشتن و کوڕو کۆمەڵێك لە لایەن لاوان تا ئەوەی لە دژی ڕژێم قسەو باس و گفتوگۆ نەکەن.**

**٦- گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و هەوڵدان بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی بە بیروباوەری شۆڤێنی.**

**ئیتر سەرباری جێبەجێ کردنی هەموو ئەم سیاسەتانە، بەردەوامیش بە هێزی زەوی و ئاسمانی هێرش دەکردە سەر ئەو دێهات و ناوچانەی کە هێزی پێشمەرگەی تیایدا بوون [2]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ پەیرەوکردنی ئەو هەنگاوانەی ڕژێم کاریگەری نەبوو لەسەر ترساندی جەماوەرو کەمکردنەوەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە کە لە ناوچەکانی زاخۆوە تا خانەقین لە چالاکی دابوون و هێزەکانی ڕژێمان هەراسان کردبوو، چونکە لە ڕێگای هاندانی هێزی جەماوەرو هاوکاری و هەماهەنگی بۆ هێزی پێشمەرگە چالاکییەکان بۆ ناو شارەکانیش گواسترانەوە.**

**شیاوی باسە، کاریگەری ئەم بارودۆخە کاتێك دیار دەکەوێت کە دەبینین جەماوەری قەڵادزی بە ئامانجی یادکردنەوەی کارەساتی شەهیدانی قەڵادزێ لە ٢٤ی نیسان ١٩٨٢ ڕاپەرینیان ئەنجامداوەو[3]، دواتریش**

---

شیوعی عیراقی. " ئەحمەد بانیخێلانی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٦؛ فاتح رسول، صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي، ترجمة و تقديم: كمال غمبار، الجزء الثاني، المطبعة تيشك، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٢٥٩.

(١)د. عەلی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠؛ محەمەد مەلا قادر، سەربردە، کورتەیەك لە بیرەوەرییەکان، دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٥٥.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی سیاسەتی ڕژێم و هەوڵەکانی بروانە: د. عەلی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١ بە دواوە.

(٣) جەماوەری شاری قەڵادزی بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ کە وەکو کارەساتێك لە لایەن هێزکانی عیراق ئەنجامداربووو، تیایدا دانیشتوانی شارەکەو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ئەیلول ڕوویان کردبووە ئەو شارە بەر ئەو شاڵاوە کەوتبوون و ژمارەیەکی زۆر کوژراو بریندار لێکەوتبۆوە. ئیتر بە هۆی بە زیندوو مانەوەی ئەو کارەساتە لە لایەك و، لە لایەکی دیکەش لە ئەنجامی خراپی سیاسەتی ڕژێم لە ناوچەکە ، جەماوەری قەڵادزێ هێنا سەر بڕیاری ئەوەی بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو یادە سەردانی گۆڕستانی شەهیدانی کارەساتە بکەن، بەڵام دواتر ئاراستەی بارەکە بەلایەکی دیکە گۆڕاو بووە هۆکاری

**ڕاپـەرینکی جـەماوەری سەرتاسـەر لـە هـەموو شـارو شارۆچـکەکانی کوردسـتانی لێکەوتـەوە[1]. ئـەنجام دەتوانرێت بووترێ، زەبرو زەنگ‌و توندو تیـژی دەسـەڵاتدارانی ڕژێم بەرانبـەر بە ڕاپـەڕیوان نەبوایـە، لەگـەڵ دیاردەی ململانێی نێوان هێزە کوردستانییەکان، ڕەوشەکە چاوەڕوانی ئەنجامێکی باشی لێدەکرا.**

**بەردەوامی شـەڕی عیراق- ئێران‌و گـۆڕینی تـای تـەرازووی هێـز بـەلای سوپای ئێرانـی‌و شکست هێنـانی هێزەکانی عیراق بە تایبەت دوای دەست بەسەر داگرتنەوەی خورەمشەهر( محمرة) لـە ٢٤ی مایسی ١٩٨٢ [2]، لە لایەك‌و، لە لایەکی دیکەش زۆربوونی چالاکییەکانی هێزە کولادستانییەکان. کاریگـەری هـەبوو لەسـەر ڕژێم بۆ بار سووککردنی خۆی لەگەڵ یەکێك لە هێزە کوردستانییەکان کە یەکێتی بوو بکەوێتە دانوستانەوە.**

---

شەڕو پێکدان کە دوو کوژراو چەند بریندارێکی لێکەوتەوە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی لـە ڕۆژی دواتـر جـەماوەری قـەڵادزێ لـە دژی ڕژێم دەست بە ڕاپەڕین بکەن، ئیتر ئەو بارە ڕەنگی بەسـەر زۆرەبـەی شـارو شارۆچـەکەکانی کوردسـتان دایـەوەو لەلایـەن ڕژێمـەوە بە ئاگرو ئاسن بەرپەرچدرایەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: زەریا، ڕاپەرینی قەڵادزێ‌و چەند سەرنجێك، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە(٥)، ئایاری ١٩٨٢، ل ٢٢؛ بەیاننامەی حزبی شیوعی عیراق- کۆمیتەی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی ڕاپەرینی کۆمەڵانی خـەڵکی قارەمـانی شـاری قەڵادزێ وە، ٢٦ی نیسانی ١٩٨٢. پاشکۆی ژمارە(١).

(١) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ساڵی ١٩٨٢ بڕوانە: ئاراس عەبدولڕحمان مستەفا، ڕاپـەرینی ئاداری(١٩٩١) لـە باشووری کوردستان لێکۆڵینەوەیـەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی، سلێمانی،٢٠٠٩، ل٦٣ بەدواوە؛ بەیاننامەی سەرکردایەتی ی.ن.ك دەربارەی ڕاپـەرینی خـەڵکی کوردسـتان. بەیاننامـەی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان بـە بۆنەی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستانەوە، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە(٥)، ئایاری ١٩٨٢، ل ٥٠و٥٤. بڕوانە پاشکۆی ژمارە( ٢ و ٣)

(٢)د. عەلی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

## بەشی یەکەم: زەمینەی دەستپێکردنی دانوستانەکان و بەڕێوەچوونی

### تەوەری یەکەم: بارودۆخی یەکێتی و ڕژێم و هۆکاری دەستپێکردنی دانوستانەکان

دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە دوای نسکۆی ۱۹۷۵ لەسەر دەستی ژمارەیەك هێزی کوردی تازە دامەزراو کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵوێست گۆڕینی ڕژێمی عیراقی، وەکو لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، کە دەبوو لە لایەك هەڵوێستی توندوتیژی و شەڕو، لە لایەکی دیکەش هەوڵدان بۆ گفتوگۆو دانوستان بگرێتە بەر.

لێرەشدا گفتوگۆ وەك هونەرێکی بەرزی دبلۆماسی و بەڕێوەبردنی ململانێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان دوولایەنی ناتەبا، هەر لە زووەکەوە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە هەوڵی بۆ درا. ئەوەتا ڕژێم لە ڕێگای(شێخ محەمەد شێخ ڕەشیدی لۆلان) گەورەی عەشیرەتی برادوست هەوڵی دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ یەکێتی دەدات، لە بەرانبەریشدا یەکێتی لەبەر ئەوەی وەکو هێزێکی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەوکات وا تاوانبار کرابوو کە شەڕ بۆ سوریا دەکات، بەمەبەستی لابردنی ئەو تاوانە بەم دەست پێشخەرییە ڕازی دەبێت و، دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بڕیاری دەست پێکردنی دانوستان دەدرێت و، بۆ ئەو مەبەستەش عەلی عەسکەری[(١)] لە تشرینی دووەمی ۱۹۷۷ دەچێتە بەغداو چاوی بە هەر یەکە لە: سەعدون شاکر سەرۆکی دەزگای هەواڵگری، عەدنان خەیروڵڵا وەزیری بەرگری و، چەند کار بەدەستێکی دیکەی بەعس دەکەوێت و داواکارییەکانی یەکێتی دەخاتە بەر دەستیان، بەڵام دواجار بە دیتنی سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی کۆمار دانوستانەکان سەرکەوتوو نابێت و، شاندەکە دوای سێ ڕۆژ دەگەڕێتەوە لۆلان[(٢)].

بەردەوامی چالاکی هێزی پێشمەرگە لە زۆربەی ناوچەکان لە لایەك و، ململانێی نێو باڵەکانی یەکێتی لە لایەکی دی، ڕژێمی هێنایە سەر بیری ئەوەی خۆی لە باڵی بزووتنەوە نزیك بکاتەوە بەر لەوە لە ناو یەکێتی دەربچن، بەمەش لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷۸ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی گفتوگۆ دەستی پێکردو، دواتریش دوای جیابوونەوەی بزووتنەوە لە ناوەڕاستی ساڵی ۱۹۷۹ ئەو هەوڵە بەردەوام بووو، نوێنەری( حسیك) سەردانی بەغدایان، بەڵام دانوستانەکان هیچی بەدواوە نەبوو[(٣)].

شیاوی باسە، دوای هەڵگیرسانی شەڕی عیراق– ئێران و هەست کردنی سەرکردایەتی ڕژێمی بەعس بە کاریگەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەسەر ناوچەکەو هێزو توانای پێشمەرگە، دێتە سەر بیری

---

(١) عەلی عەسکەری، کوڕی شێخ عەبدوڵڵایەو لە نەوەی شێخەکانی شەدەڵەیە، لە ساڵی ۱۹۳۷ لە دێی عەسکەر سەر بە ناوچەی کەرکووك لە دایك بووە، لە قۆناغی ناوەندی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردووە، ئینجا لە دواتر ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوبراو لە کونگرەی ساڵی ۱۹٦۰ پارتی دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە پاشان دەبێتە کادرێکی بەرزی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و بەردەوام دەبێت لە خەبات کردن تا نسکۆ، لە دوایی نسکۆش وەکو دەستەی دامەزرێنەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەست بە خەبات دەکاتەوە تا ئەوەی لە کارەساتی هەکاری لە ساڵی ۱۹۷۸ شەهید دەکرێت. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: پیاونامە، گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەرییە، کۆمەڵێك هاوڕێی شەهید، چاپی یەکەم، سلێمانی ،۲۰۰٤.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە...، ل ل ۱۸۰–۱۸۳ ؛ صلاح الخرسان، التیارات..، ص ٣٦٦.

(٣) بەهرۆز گەلاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤؛ فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ۲۰۰٦، ل ل ۱٥۸–۱٦۰.

ئەوەی کە پێویستە لەگەڵ لایەنی کوردی دانوستان ئەنجام بدات، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەرکەوتووش نەبا کاریگەری دەبوو لەسەر دروست بوونی گومان و ناکۆکی لە ناو بزاڤەکەدا، ئیتر لەو سۆنگەیەوە هەر لە دوای هەڵگیرسانی شەڕ، لە ڕێگای( شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریمی کەربچنەی) شێخی ناوچەی قەرەداغ کە یەکێك بوو لە لایەنگیرانی، نامەیەك ئاراستە جەلال تاڵەبانی دەکات، لە نامەکەدا شێخ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چۆن ڕێکخراوە ئێرانییەکان پشگیرییان لە ئێران کردووە، ئاوەهاش پێویستە ئەوان هاوکاری هێزەکانی عێراق بکەن. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لە ناوەرۆکی نامەکە پرسیاری ئەوەی کرد بوو کە ئایا یەکێتی ئامادەیە دانوستان بکات؟. لێرەشدا لەبەر ئەوەی جەلال تاڵەبانی لە سەفەری دەرەوە دەبێت، نەوشێروان مستەفا وەڵامی دەداتەوەو بۆی دەنووسێ:" **ئەگەر عێراق بە ڕاستی بیتە پێشەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئێمەیش ئامادەین بۆ گفتوگۆ**". بەڵام لە ئەنجامی توندی وەڵامەکەی نەوشێروان مستەفا، کاربەدەستانی بەعس نیگەران دەبن و هەوڵەکە سەرکەوتوو نابێت[1].

شکستە بەردەوامەکانی هێزەکانی عێراقی لە ساڵی١٩٨٢ لە بەرەکان جەنگی ئێراندا، کاریگەری هەبوو لەسەر زیاد بوونی چالاکی هێزی پێشمەرگە، بۆیە هەمیشە ڕژێم بیری لە دانووستان لەگەڵ یەکێك لە هێزە کوردستان دەکردەوە، لێرەشدا عەبدولڕەحمان قاسملوو(١٩٣٠-١٩٨٩)[2] لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی چەند جاری ئەو باسە دێنێتە پێشەوە، لە بەرانبەرشیدا یەکێتی لە نێو خۆیاندا بابەتە تاوتووێ دەکەن و دەبن بە دووبەشەوە. جەلال تاڵەبانی هیچ بڕوایەکی بە دانوستان لەگەل ڕژێمی بەعس نابێ، کەچی ئەوانی تر لەگەڵ ئەوەدا کۆك دەبن ئەگەر بەعس ئامادە بێت لایەنی کەم مافەکانی کورد بسەلمێنێ، بە تایبەت لەم هەلومەرجە ئالۆزەی ئەم سەردەمە کە بزووتنەوەی کوردی تێکەوتبوو ئەوە دانووستان هەڵێکی باشە[3]. ئیتر بە هاتنە پێشەوەی ئەو ڕەوشە ڕژێم داوا لە قاسملوو دەکات تا داواکارییەکانی یەکێتی بزانێت، لێرەشدا یەکێتی داخوازییەکانی خۆی لەم سێ خاڵەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

١- لە چوارچێوەی هەمیشە، بەعس دەبێ لە مەیدانی مافی نەتەوەیی گەلی کوردا، نەك هەر مافی ئۆتۆنۆمی بسەلمێنی، بەڵکو دەبێ دان بە مافی ئازادی و بڕیاردانی مافی چارەنووسیش دابنێ.

---

(١) نەوشێروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری...، ل ١٧٢.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ ژیان و چالاکییەکانی بڕوانە: هۆشمەند عەلی مەحموود شێخانی، عبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا"١٩٣٠-١٩٨٩" توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

(٣) نەوشێروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری...، ل ٢٥٨. دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، هەولێر، ٤ی شوباتی ٢٠٠٨. ( مەلا بەختیار ناوی تەواوی حیکمەت محەمەد کەریمەو، ساڵی ١٩٥٤ لە خانەقین لە دایك بوو، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٧٠ چۆتە ڕیزی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی و یەکێك بووە لە کادیرە سەرەتاکانی، لە دوای دەست پێ کردنی شۆڕشی ڕۆڵی کارای لە ناو کۆمەڵەو یەکێتیدا هەبووە، تا ئەوەی لە ماوەی دانوستانەکانی یەکێتی لەگەڵ بەعس دەستی بە ڕێکخستنی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش کردووەو لە یەکێتی جیابۆتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە ناو یەکێتی و ئێستاکە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە).

٢- لـه چواچـێوەی قۆناغیـدا، ڕێککـەوتنێك لەگـەڵ حکومـەتی عیراقـی لەسـەر بنچـینەی سـەلماندنی مـافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە دابرێژرێ‌و، لەگەڵ ئەوەش هەموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکان لە کوردستان نەمێنێ‌و ئازادی‌و دیموکراتی بۆ هەموو لایەك هەبێت.

٣- لە چواچێوەی قۆناغیدا، شەڕو پێکدادان لـە نێوان هـەر دوولا بوەسـتێ، تـا ئـەوە مەترسـی شـەڕی ئێـران لەسـەر عیراق‌و ناوچـەکانی کوردسـتان کـەم دەبێتـەوە، بەمـەش دەرفـەت لەبـەر هـەوڵی چارەسـەرکردنی کێشەی کورد دەرەخسێ[1].

کاتێك داواکارییـەکانی یـەکێتی پێشـکەش دەکرێ، دوای تێپـەربوونی چـەند مانگێـك ڕژێـم بـەم شـێوەیە وەڵامـی دەداتـەوە. یەکـەمیان قبـوڵ نییـەو، بـۆ دووەمـیش ئامـادەن بیکـەن بـە بنچـینەی دەسـت پێکردنـی دانوستان‌و، سێیەمیش ئامادەن یەکڕاست جێبەجێی بکەن. لێرەشدا ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە هـەنگاوەکانی دانوستان ساردییەك بە خۆیەوە دەبینێ، بەڵام ئەنجام لەسەر داواکاری ڕژێم بـە ناوبـژیوانی قاسملوو لـە ١٣ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٨٢ لـە دێـی گۆڕەشـێر[2] نوێنـەرانی یـەکێتی‌و بـەعس کـۆ دەبنـەوە، لـە یـەکێتی جـەلال تاڵـەبانی‌و نەوشـێروان مسـتەفا، لـە بـەعس عەقیـد ڕوکـن خـەلیل محەمـەد شـاکر ناسـراو بـە( ئـەبو ئەحمـەد) یاریـدەدەری سـەرۆکی دەزگـای هـەواڵگری، عەقیـد ئیحسـان ناسـراو بـە( ئـەبو عـودەی) لێپرسـراوی ناوچـەی هـەواڵگری سـەروو، ئـەبو ئەحمـەد لێپرسـراوی دەزگـای هـەواڵگری هـەولێر پێـك هـاتبوون. لـە دانیشـتنەکەدا شاندی ڕژێم هەر زوو ئەوەی درکاندووە کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنی نییە، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوە هاتوون بیروڕای ڕژێم بۆ ئەوان بێن‌و هی یەکێتیش بۆ سەرانی بەعس ببنەوە، هەروەها ئەوەشیان وتبوو ئەگەر یەکێتی بە جدی ئامادەی دانوستانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەوە پێویستە جەلال تاڵەبانی خـۆی بچێتە بەغدا. کاتێك لە دانیشتنەکەدا تاڵەبانی دیتە وەڵام گفتوگۆکان توندو تیژی بەخۆیەوە دەبنێ بە تایبەت کە دێتە سەر باسی بارودۆخی عیراق بە گشتی‌و کوردستان بە تایبەتی، چونکە ئۆباڵی ئەو بارودۆخـە هـەموو دەخاتـە ئەسـتۆی بـەعس، هـەروەها ئامـاژە بـۆ ئـەوەش دەکـات ئەگـەر بـەعس بـە ڕاسـتی ئامادەیـە کێشـەکان چارەسەر بکات ئەوە دەبێت پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانەوە بکات، بەمەش کۆبوونەوەکە ئەنجامێکی باشـی نابێت‌و کۆتایی بە پەیوەندییەکان دێت[3].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە لەبەر ڕۆشنایی ناوەرۆکی ئەم کۆبوونەوەیەو وەڵامدانەوەی نوێنـەرانی ڕژێم بـەوە پەیوەندییان بە پارتییەوە هەیە، جەلال تاڵەبانی لە لایەك بۆ ئەوەی هێـزە کوردستانییەکان ڕووبـەڕووی کـاری یەکلایەنـە نەبنـەوەو یـەك هەڵویسـت بـن‌و، لـە لایـەکی دیکەشـەوە بـۆ ئـەوە یـەکێتی لـە پروپاگەنـدەی لایـەنی کوردییەکانی دیکە بپارێزێ کە باسی ئەوەیان دەکرد یەکێتی لە ئـەرکی سـەرەکی خۆیـدا لای داوە[4]، نامەیـەك ئاراستەی عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی دەکات‌و لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاگاداری دەکاتەوەو، داوای ئەوەشی لێدەکات سەرکردایەتی پارتی لەم هەنگاوە ئاگادار بکاتەوە[5].

---

(١) نەوشێروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری...، ل ٢٦٠ .

(٢) گۆڕەشێر، گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و دەکەوێتە ئەوبەر گوندی شێنێ، لە نزیك سنوور.

(٣) نەوشێروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری...، ل ل٢٦٩- ٢٧١.

(٤) د. عەلی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٧٣-٢٧٥.

(٥) فاتح رسول، المصدر السابق، الجزء الثالث، ص ١١٦؛ ئەحمەد بنیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٥.

گومانی لایەنەکانی بەرەی( جود) لە پەیوەندییەکانی یەکێتیو بەعسو، بەردەوام بوونی بە شێوەیەکی نهێنی لە سەرەتاکانی ساڵی١٩٨٣، کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی هەشیاربن لە هەر پێشهاتێك کە ڕەنگە بێتە پێشەوە، لێرەشدا ئاشکرابوونی زانیارییەکانی وەرگرتنی یارمەتیو چەكو تەقەمەنی لە مانگی مارتی ١٩٨٣ لە لایەن پارتییەوە بارەکەی بەرەو گرژتر برد، لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان یەکێتیو هێزی عیراقیو کوردستانییەکان تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، هەروەها ژمارەیەکیش شەڕ لە نێوان هێزەکانی بەرەی(جود)و یەکێتی لە ناوچەکانی دەشتیو هەولێرو کۆیە ڕوودابووو، سەرباری ئەوەش لە ڕاگەیاندنەکان بەیانیان لە دژی یەکتری بڵاوکردبووە[1].

سوور بوونی سەرانی ڕژێم لەسەر دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ یەکتێی، ڕێگای خۆشکرد جارێکی دیکە بە هاوکاری(حدکا) هەمان وەفدی پێشوو لە ١٣ی شوباتی١٩٨٣ سەردانی نازەنگ[2] بکەنو لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی کۆبنەوە، بەڵام دووبارە ئەوە ڕادەگەیەنن تەنیا ئەوان گفتوگۆکان دەهێننو دەبن، هەروەها ئەوەش ڕادەگەیێنن کە بەیەك سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ بەغداو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەدام حوسێن کێشەکان چارەسەر دەبن. لێرەشدا جێ خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە یەکێتی ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە بەرەی(جود)، وڵاتانی ئێران، سوریاو لیبیا ئەم هەواڵە بزانن، بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنێ ئەگەر ئێرانو بەرەی (جود) ئامادە نەبن شەڕی لەگەڵدا ڕابگرن ئەوە حکومەتی عیراق ئامادەیە[3].

لە ڕاستیدا، هاتنە پێشەوە هەر ڕووداوێکی مێژوویی زادەی چەند هۆکارێکە، لێرەشدا دانوستانەکانی یەکێتیو ڕژێمی بەعس کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ ەوە شێوەیەکی فەرمیو چەسپاوتری لەوانەی پێشووتری بە خۆیەوە دەبینێ لە ئەنجامی چەند هۆکارکەوە بووە، کە هەردوولای ناچار کردووە بەم شێوەیە دانوستان قبوڵ بکەن. لێرەشدا ئەوە ڕوونو ئاشکرایە هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ناوچەکانی سنووری عیراقو سەرکەوتنەکانی لە بەرەکانی شەڕ بەسەر هێزەکانی عیراق[4]، خاڵی سەرەکی ئەو هۆکارە بووە کە سەرانی ڕژێمی ناچار کردووە لە جێگای ئەوەی بەشێك لە هێزەکانی بۆ شەڕی کورد ئامادە بکات هەوڵی دانوستان بدات، بە بەڵگەی ئەوەی جگە لەوەی پەیوەندی بە یەکێتییەوە کردووە، هەوڵێکی لەم شێوەی لەگەڵ پارتیش داوە[5].

لە لایەکی دیکە ئەی ئەم هۆکارانە چین کە وای لە یەکێتی کردووە تاك لایەنانە بکەوێتە دانوستانەوە؟! لە ڕاستیدا، کاریگەری هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی کوردستانو پاڵنانی بارەگاکانی یەکێتی بۆ نزیك بوونەوە لە هێرشی سوپای عیراق بارودۆخێکی مەترسیداری بۆ یەکێتی دروست کرد بوو بەوە

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نەوشێروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری...، ل ٢٨٢؛ فاتح رسول، المصدر السابق، الجزء الثالث، ص ص ٥٠٣– ٥٠٤.

(٢) ناوزەنگ، کە بە خڕەی نازەنگیش ناوی دێ، دەکەوێتە دیوی کوردستانی عیراق لەسەر سنوور.

(٣) نەوشێروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری...، ل٢٨٢–٢٨٣.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەو هێرشانە بڕوانە: تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، ترجمة جابر ادريس، الدار العربية للعلوم، بيروت، لبنان، ٢٠٠٦، ص ص ٣١٨– ٣١٩؛ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٧٢٠.

(٥)د. عەلی تەتەر نێرەوەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢.

کەوتبوو نێوان بەرداشی بەغداو تاران، ئەو باوردۆخەش یەکێتی خزاندبووە کەندەڵانێکی سیاسی و چەکداری دژوارەوە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئێران نەبووو، بەڵکو لە هەندێ کات لە تەك هێزەکانی( حدکا) شەڕی ئێرانیشی دەکرد، بۆیە ئەگەر ئێران لە هەر ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی پێشرەوی بکردایە، ئەوە دەبوو هێزەکانی یەکێتی ڕووەو ناوەوە پاشەکشە بکات، بەمەش یەکێتی بنکەو بارەگای سەرکردایەتی خۆی لە دەست دابوو، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە شەڕەکانی یەکێتی لەگەڵ بەرەی( جود) بەشێك لە هێزەکەی بێزار کردبوو، چونکە ئەگەرچی یەکێتی هەندێ سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو، بەڵام بە لادانەکەوتنی ئەنجامی شەڕەکان، مانایی ئەوەبوو شەڕ کۆتایی نایە، سەرباری ئەوەش یەکێتی لە قەیرانی ئالۆزی ڕێکخستنەکانیدا بوو، ئیتر یەکێتی بۆ پشودان و خۆ ڕێکخستنەوە جگە لە دەرگای دانوستان دەرگایەکی دیکە نەبوو لێبدات[١].

جێگای وەبیر هێناوەیە بەشێکی دیکە لە سەرچاوەکانی تایبەت بە یەکێتی ئەو بارودۆخەی یەکێتی بە شێوەیەکی جیاواز باس دەکەن و هۆکارەکانی دەست پێکردنی دانوستانەکان بە پێچەوانە لێك دەدەنەوە لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێ: " **(ی.ن.ك) ئیسپاتی کردوە کە لە کاتی تەنگاوی و تەنگوچەڵەمەدا بۆ پاراستنی عراق و سەروەری عراق دریغێ نەکردووە**"[٢]. نەوشێروان مستەفاش دەڵێ: " **... ی.ن.ك نە لە ڕوی سیاسییەوەو نە لە ڕوی پێشمەرگەییەوە لاواز نەبو، بەڵکو بە هێز بو، شۆڕشی گەلی کورد لە مەترسی دانەبو، بەڵکو عیراق لە مەترسی دابو، شۆڕشی گەلی کورد پێویستی بە وەستاندنی شەڕ نەبو، بەڵکو عیراق پێویستی بە وەستانی شەڕ هەبو...**"[٣]. هەروەها یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێ: "**... ئێمە ئێمە لە کاتێکدا لە کۆتایی ١٩٨٣دا، شۆڕشەکەمان پەرەسەندی بوو، حکومەت بە تەواوی حسابی بۆ دەکرد، ناوچەیەکی ئازاد کراوی زۆرمان لەبەر دەست بوو، هەرچەندە بە هۆی شەڕی ناوخۆی حزبەکانی دیکەی کوردستان هێزی پێشمەرگە پێویستیان بە حەسانەوەو ڕێکخستنی سەر لە نوێ بوو، بەڵام هەمیشە وورەی پۆڵایینی ئەو قارەمانانە هەر لە پتەوی و بەرزیدا بوو**"[٤]. کەچی یەکێتی لە دوای کۆتایی هاتنی دانوستانەکان بە جیاواز لەو ئەدەبیاتە بە شێوەیەکی دیکە باس لە دانوستان دەکات و دەڵێ: " **گفتوگۆی ئەم جارەی میری و ی.ن.ك وەختێ هاتە کایەوەو دەستی پێکرد کە هەردوولا ناچاری گفتوگۆیەك بوون، کە هەر دوولا پێویستیان بە گفتوگۆیەکە بوو، واتە بە ئارەزووو ڕەق و ڕوتی هیچ لایەکیان نەبوو، بەڵکو هەر دوولا**

(١) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت( بیرەوەری)، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ل ١٩٧-١٩٩؛ ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند یادداشتی پێشمەرگایەتی ١٩٨٠- ١٩٨٨، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣، ل ٩٠-٩٢؛ پشکۆ نەجمەددین، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل٤٠؛ عەبدولڵا وسو عەبدولڵا باوزی، بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی نوێدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئوفسێتی ژین، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٤٤.

(٢) هەڤاڵ مام جەلال، ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی ی.ن.ك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢٠.

(٣) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦٥.

(٤) حەمە فەرەج هەلەبجەیی، لە شنرویێ وە بۆ ستۆکهۆلم چەند لاپەڕەیەکی یادگاریەکانم لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ل ١٨٩-١٩٠.

لەژێر پاڵەپەستۆی هەلومەرجە بابەتیەکان و پێویستیەکانی خۆیان بە پشودان و شەڕ وەستان ڕاکێشرانە سەر مێزی گفتوگۆ، هەر بۆیەش زۆرمان دووپات دەکردەوە کە ئەو گفتوگۆیە بە شەقی زەمانە بوو، نەك ویستی خۆی"[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ هۆکاری دەست پێکردنی دانوستانەکان خراپی باری میریو یەکێتی بوو لە هەموو ڕووەکانەوە، نەك ئەوەی کە هەندێ لە سەرچاوەکانی یەکێتی باسی لێوە دەکەن، چونکە لە مێژوودا نەبووە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دوژمنەکەی لە بارێکی خراپ دابێت و، ئەویش بچێت بارەکەی بۆ چاك بکاتەوە، بەمەش یەکێتی کەوتە هەڵەیەکی گەورەوە، چونکە دانوستان ئەگەر ئەنجامێکی ئەرێنیشی بوایە، ئەوە لەسەر ئاستی کوردستان هەر بە قازانجی بەعس تەواو دەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوسا یەکێتی بۆ پاراستنی دەستەکەوتەکانی، دەبوو ئاستی پێکدادانی هێزەکانی هەم لەگەڵ ئێران و هەم لەگەڵ بەرەی( جود) پەرە پێبدات.

ئەنجامی ئەو پێشهاتانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ دانوستان دەستی پێکردو هاموشۆی نوێنەریان و سەردان کردنی یەکتری بە دوای خۆیدا هێنا کە لە تەوەری داهاتوو باسی لێوە دەکەین.

(١) یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، چاپی دووەم، بنکەی چاپخانەی ئاسۆس، سوید ١٩٨٥، ل ل ٢٢– ٢٣.

## تەوەری دووەم: چۆنییەتی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان و هاموشۆکردنی شاندەکان

هاتنە پێشەوەی ئەو هەڵو مەرجانەی کە لە تەوەری ڕابردوو ئاماژەمان بۆ کرد، یەکێتی هێنایە سەر بیری ئەوەی بۆ تاقیکردنەوەی هەڵویستی ڕژێم و دەستپێکردنی دانوستانەکان بە شێوەیەکی فەرمی نوێنەرێکی خۆی ڕەوانەی بەغدا بکات. بۆ مەبەستەش فەرەیدون عەبدوالقادر دەچێتە بەغداو، چاوی بە هەریەك لە بارزان تکریتی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری و، تاریق عەزیز وەزیری دەرەوە دەکەوێت، لێرەشدا لە میانەی گفتوگۆکاندا تاریق عەزیز دەڵێ:" **ئێمە ناڕوخێین چونکە دنیا لە بەرامبەر ئێران دا پشتیوانمان لێ ئەکا. ڕۆژێکیش دێ ئەم شەڕە تەواو ببێ. ئەگەر ئیستا بێن و لەگەڵمان پێك بێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ ئەکەن هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە، خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێ بدەن، دوای تەواو بونی شەڕ ئەو جەیشە زەبەللاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست کردوە ئەیهێنینە سەر ئێوە، ساڵێك وەخت و سەد هەزار کوژراوتان بۆ تەرخان ئەکەین، بەلام خاکتان بە تورەگە ئەبێژین و تەفروتوناتان ئەکەین!**". لە وەلامیشدا فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێ:" **ئەم هەڕەشانە ئێمە ناترسێنێ. کە دەستمان کردەوە بە خەباتی چەکدار ژمارەمان ئەوەندەی پەنجەکانی دەس بو. سەرەڕای ئەو هەمو توندوتیژیەی لە چەند ساڵی ڕابوردودا دژی ئێمە بەکارتان هێناوە بوین بە هەزاران و ئەوەتا ناچار بون لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵمان دابنیشن!**" [(1)].

هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوەی یەکێتی، کومەڵە وەکو باڵێکی یەکێتی خەریکی کۆنفرانسی ڕێکخستنی ناوچەیی خۆیی بوو، کاتێکیش کە کۆنفرانسەکە تەواو دەبێ، سەرپەرشتیارانی کۆنفرانسەکە کە پێك هاتبوون لە هەر یەك لە ئازاد هەورامی(١٩٥٤-١٩٨٨)، ڕێکەوتی عوسمان بەگ و قادری حاجی عەلی، دەچنە دێی ئاوەژێ[(2)] بۆ لای نەوشێروان مستەفا بۆ ئەوەی ئەنجامی کارەکانی کۆنفرانسی پێڕابگەینن، کە یەکێك لە کارەکانی بریتی بوو لە وەرگرتنی بیروڕای ئەندامان سەبارەت بە دانوستان، بەلام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی کۆنفرانسەکە باوەڕیان بە ڕژێمی بەعس نەبوو خواستەکانی کورد بسەلمێنێ، بۆیە دانوستانیان پێ باش نەبوو، تەنیا چەند کەسێك نەبێ کە بە پەنجەی دەست دژمێردران، دانوستانیان قبوڵ بوو، بەلام ئەوانیش تەنیا مەبەستیان پشوودان و خۆ ڕێکخستنەوە بوو[(3)].

بە پەسەند زانینی بیروڕای دانوستان لای نەوشێروان مستەفا، وا دەکات داوا لە سەرپەرشتیارانی کۆنفرانس بکات سەردانی جەلال تاڵەبانی بکەن کە ئەو کاتە لە ناوچەی خۆشناوەتی دەبێت، لەوێشدا تاڵەبانی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کادیرانی سیاسی و عەسکەری ئەو باس و گفتوگۆیە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو لایەك بە ڕاشکاوی بیروڕای خۆیان سەبارەت بە مەسەلەی دانوستان بدەن[(4)].

دوای ڕەزامەندی هەموو لایەك، جەلال تاڵەبانی، بە نامەیەك نەوشێروان مستەفا ئاگادار دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئاگادار کردنەوەی سەرانی( حدکا) بکات. لێرەشدا لە سەروبەندی چوونی نوێنەرانی یەکێتی بۆ لای

---

(١) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خوولانەوە...، ل ل ٧-٨.

(٢) دێی ئاوەژێ دەکەوێتە بەری مەرگە لە ناوچەی پشدەر.

(٣) نەوشێروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری...، ل ٣٣٥.

(٤) ڕێبازر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٩٢.

سەرانی( حدکا)، عەبدولڕەحمان قاسملوو لە پاریس دەبێت، بەڵام دوای ئاگادار کردنەوەی لەبەر گرنگی پرسی دانوستان دەگەڕێتەوە بەغداو، زەمینەی بەرێوەچوونی دیدارو دانیشتەکانی نێوان هەر دوولا دەدات. لە بەرانبەر ئەوەشدا یەکێتی لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ بە بروسکەیەك هەموو مەڵبەندەکان، تیپەکانی پێشمەرگەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەو لقەکانی شۆڕشگێڕان، لە وەستاندنی شەڕ لەگەڵ ڕژێم ئاگادار دەکاتەوە. ئیتر دوای ئەو هەنگاوەی یەکێتی، سەدام حوسێن یش فەرمان بە هێزەکانی عیراق دەدات، کردەی سەربازی دژ هێزەکانی یەکێتی ڕابگرن[1].

دوای ڕازی بوونی هەردوولا بە دەست پێکردنی دانوستان، شاندنی یەکێتی کە پێکهاتبوون لە:( جەلال تاڵەبانی، فەرەیدون عەبدولقادر، ملازم عومەر، خدر مەسعوم، مەلا بەختیارو عومەر عەزیز)، بە هاوڕێیەتی قاسملووو ئەو سەرحان کە یەکێك بوو لە کاربەدەستەکانی دەزگای هەواڵگری، بە دوو هەلیکۆپتەر دەگوازرێنەوە بۆ بەغدا. ئیتر دانوستانەکان دەستی پێکردو لە یەکەمین کۆبوونەوەدا نوێنەرانی یەکێتی و دەستەی نوێنەرایەتی ڕژێم کە پێکهاتبوون لە: عیزەت دوری، تاریق هاشم، هیشام سەباح فەخری، سەعدی مەهدی ساڵح و فازل بەڕاك کۆبوونەوەو، گفتوگۆیان دەربارەی بابەتە گرنگەکان کرد بوو کە بریتی بوون لە:

١- دەسەڵاتی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ناوەندی.
٢- سنووری جوگرافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
٣- ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی کوردستان، بە تایبەت ناوچە بە عەرەبکراوەکانی کەرکووك، خانەقین، سنجارو دێهاتە ڕاگوێزراوەکان.
٤- ڕێژەی کورد لە دەزگای ناوەندییەکانی بڕیارداندا[2].

دیارە ناوەڕۆکی دانیشتنەکەو گفتوگۆکان هەندێك جار نەرمی وهەندێك جار توندوتیژی بە خۆیەوە دەبینێ، تا ئەوەی داوی کۆبوونەوەکە شاندی یەکێتی سەردانی سەدام حوسێن دەکەن و پێیان دەڵێ:" ... **سەیری مەحزەری هەموو گفتوگۆکانم کردوە، گفتوگۆکانتان جیددی بوەو بە نیازی ڕێککەوتنن، تەنانەت توڕەبونەکانیشتان نیشانەی جیددی بونە، من لەسەر هەمو باسەکان موافیقم جگە لە مەسەلەی کەرکوك، ناڵێم کەرکوك شارێکی کوردی نیەو، ناڵێم کەرکوك شارێکی عەرەبیە، تەنانەت دوای ئیستفتاش ئەگەر دەرکەوت زۆرایەتی دانیشتوانی کوردە، ئەو ساکەش من هەر سوور ئەبم لەسەر ئەوەی شارێکی عێراقی بێ هەموو خەڵکی عیراق کەڵك لە سامانەکانی وەربگرن، چونکە کورد بۆ ئەوەی کەرکوکی لە کیس نەچێ ئیتر بیر لە جیابوونەوە ناکاتەوە، عەرەبیش بۆ ئەوەی کورد ڕازی بکا دژی سەلماندنی مافەکانی ناوەستێ...**". لێرەشدا کاتێك شاندی یەکێتی سوور دەبێت لەسەر باسی کەرکووك و باسەکە بەلادا ناخات، سەدام حوسێن ڕازی بوونی خۆی بەرانبەر هەموو داواکارییەکان و گەڕانەوەی هەموو ناوچەکانی دیکەی وەکو سنجارو خانەقین دەردەبڕێ، بەڵام کەرکووك وەکو خاڵێکی هاوبەش و پێکەوە ژیان لە نێوان کوردو عەرەب دەهێڵێتەوە، بۆیە لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ:" **ئێوە ئەبن بە بەشێ لە ئێمە، ئێمەش ئەبین بە بەشێ لە ئێوە،**

---

(١) دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل ٧٢٢؛ ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٩٢؛ ئازاد خانەقینی، ٢٥ ساڵ سەروەری ڕۆژمێری ڕوداوەکانی ی.ن.ك ١٩٧٥-٢٠٠٠، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٩٧.

(٢) یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، ل ٦١.

**هەردولامان پێکەوە حاڵەتی عیراقی یەکگرتو پێك ئەهێنین، پێکەوە حکوم ئەکەین، پێکەوە ئەژین، پێکەوە ئەمرین"**[(١)]. بەمەش دەتوانرێت بووترێ، هەموو ئەو قسانەی سەدام حوسێن، سەرەتاو کۆتایی نیازەکانی خۆی و سەرانی ڕژێمەکەی بووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەدام ڕازی ببوایە بەوەی کەرکووك شارێکی کوردستانییە، ئەوە هیچ یەکێك لە سەرانی ڕژێمەکەی توانای ئەوەیان نەبوو بڕیارەکەی ڕەت بکاتەوە، بۆیە دەبوو یەکێتی لەو هەنگاوەوە لە دانوستانەکان کشابوایەوەو درێژەی بە دانوستان نەدابایە.

بە گەڕانەوەی نوێنەرانی یەکێتی لە بەغدا، وەك یەکێك لە هەنگاوەکانی دانوستان، لێژنەیەی هەماهەنگی (تەنسیق) پێك هێنرا کە لە نوێنەرانی هەردوولا پێکهاتبوو، کارەکانیش بریتی بوو لەچاودێری کردنی ڕاگرتنی شەڕ، ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی یەکێتی و حکومەت، پەیوەندی پێشمەرگەو هێزەکانی ڕژێم و، چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دەهاتنە پێشەوە[(٢)].

خوولی دووەمی دانوستانەکانیش هەر لە بەغدا ئەنجام دران، بۆ ئەو مەبەستەش شاندێکی یەکێتی کە پێکهاتبوون لە:( نەوشیروان مستەفا، فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵڵا، عومەر عەزیزو مەلا بەختیار)، لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ بەرەو بەغدا بەڕێ دەکەون و، لە بەغدا لەگەڵ کاربەدەستانی دەزگای هەواڵگری و تاریق عەزیزو ژمارەیەکی دیکەی سەرانی ڕژێم کۆدەبنەوە، لێرەشدا نوێنەرانی یەکێتی پرۆژەی خۆیان دەخەنە بەردەمیان و گفتوگۆی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام بە هۆی سەفەری تاریق عەزیز بۆ دەرەوەی وڵات، کۆبوونەوەکان دوادەخرێت. ئەمەش وادەکات لەم سەفەرەدا شاندی یەکێتی دەسکەوتێکی سیاسی وای نەبێت، جگە لەوەی کە هەندێ بەندکراوی سیاسی ئازاد دەکرێن و، هەندێ یارمەتی مادیش بۆ ڕاپەراندنی کارەکان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی ڕەوانە دەکرێت[(٣)].

لە ڕاستیدا، ساردیەك بە دانوستانەکانی یەکێتی و ڕژێمی بەعسەوە دیاربوو، بە درێژایی هەیڤەکانی مایس، حوزیران و تەمموز ، هەر بۆیە لەم سەروبەندەدا ڕژێم سەعدی مەهدی ساڵح لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٨٤ ڕەوانەی سورداش دەکات، تا بە سەرکردایەتی یەکێتی ڕابگەیەنێ کە ئەوان ئامادەن بۆ درێژدان بە دانوستان. لێرەشدا سەرکردایەتی یەکێتی لە ٢٥ی تەمموز شاندێك بە سەرۆکایەتی فوئاد مەعسوم و ئەندامێتی فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵڵاو عومەر عەزیز ڕەوانەی بەغدا دەکات و، لە ڕۆژی ٢٨ی تەمموز دەست بە دانیشتنەکان دەکەن، لەو دانشتنەدا نوێنەرانی ڕژێم پێکهاتبوون: عەلی حەسەن مەجیدو، ئەندامێتی هەر یەك لە فازل بەڕاك، مەحموود شوکر شاهین، مونزیر ئال شاوی و عەبدولفەتاح ئال یاسین. لێرەشدا ئەگەرچی لەم خوولەی دانوستانەکاندا لەسەر هەندێ مەسەلەی وەکو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان بە

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ١١.

(٢) د. دلێر ئەحمەد حەمەدو د. سەروەر عبدالرحمان عمر، دانوستاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(١١)، کۆیە، ئایاری ٢٠٠٩، ل ٢٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨. ( نەوشیروان مستەفا ئەمین، ساڵی ١٩٤٤ لە سلێمانی لە دایك بووەو، قۆناغەکانی خوێندنی تا دەگاتە زانکۆ لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٨ بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆ بەغدا تەواوکردووە. ناوبراو یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٧ تاوەکو ساڵی ١٩٩٣ سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووەو، دواتر جێگری سکرتێری یەکێتی، تا ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ بە تەواوەتی دەستی لەکار کێشاوەتەوەو کۆمپانیایەکی ڕاگەیاندنی بەناوی وشەوە دامەزراندووەو، لە سلێمانی نیشتەجێیە).

گشتی و کەرکووك بە تایبەتی، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دامودەزگای ئۆتۆنۆمی پێکهاتبوون، بەڵام هەندێ مەسەلەی دیکەیان هێشتبۆوە بۆ ئەوەی جەلال تاڵەبانی و سەدام حوسێن یەکلای بکەنەوە بە تایبەت کێشەی دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پەیماننامەی( میثاق الجبهة الوطنية القومية التقدمية)، کە سەرانی ڕژێم خستبویانە بەردەم یەکێتی یەوە[1].

سەرچاوەکانی یەکێتی ئەم خوولەی دانوستانەکان بە سەرکەوتووترین خوولەکان لە قەڵەم دەدەن، چونکە لە ژمارەیەك کۆبوونەوەدا دەستکەوتی باشیان بەدەست هێناوە بە تایبەت بۆ شاری کەرکووك، وەك هەڵگرتنی یاسای قەدەغەکردنی ناونانی گەرەك و دوکانەکان بە کوردی و هەڵگرتنی قەدەغەکردنی یاسای نۆژەنکردنەوەی خانووەکانی گەرەکە کوردنشینەکان، کە ئەمەش بۆ ئەوکات داننانێکی گەورە بووە بۆ ڕژێمی بەعس بە پەیرەوکردنی سیاسەتەکەیان، ئەگەر بزانیین دوای چەند کاتژمێرێك دەسەڵاتدارانی ڕژێم داوای ئەوەیان کردووە کە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەیان بۆ بگەڕێنرێتەوە[2].

گۆڕینەوەی ژمارەیەك نامە لە نێوان عیزەت دووری– عەلی حەسەن مەجیدو تاڵەبانی تایبەت بە خراپ بەڕێوەچوونی دانوستانەکان، وا دەکات لە ٣ی ئەیلولی ١٩٨٤ شاندێکی ڕژێم کە پێکهاتبوون لە: عیزەت دووری و عەل حەسەن مەجید بۆ درێژەدان بە دانوستانەکان سەردانی جەلال تاڵەبانی و سەرکردایەتی یەکێتی بکەن لە ناوچەی سووررداش، لە وێشدا کاتێك دەست بە گفتوگۆکان دەکەن و، یەکێتی سوور دەبێت لەسەر هەڵوەشانەوەی ئەو هێزە بیست هەزارییە کە ڕژێم لە کورد بە ناوی جاش( فرسان) دروستی کردبوون، عیزەت دووری بە ڕاشکاوی دەڵێ:" **ئێمە ئەوانەمان بۆ چیە، بۆ شەڕی ئێوە ڕامان گرتون، ئەگەر شەڕمان لەگەڵ ئێوە نەمێنێ، ئەوانەمان بۆ چیە، هەڵیان ئەوەشێنینەوە...**"[3]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، لە دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە عیزەت دووری، تاڵەبانی داوەت دەکات بۆ بەغدا بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێك لە نێوانیان واژۆ بکرێت، هەروەها داوا لە ناوبراویش دەکات ناوی کاندیدەکانیان بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی و وەزارەتەکان دیار بکات[4].

لەبەر ڕۆشنایی دانیشتنەکانی سووررداش جەلال تاڵەبانی لە سەرەتاکانی مانگی ئەیلول دەچێتە بەغداو، چاوی بە سەدام حوسێن دەکەوێت. لە بارە ئەو دانیشتنەوە تاڵەبانی دەڵێ:" **وتم: جەنابی سەرۆك، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم لە یەکێك لە دیدارەکان لە کۆتایی ١٩٨٣ بەڵێنی ئەوەت پێدام سەرم بەرز بکەیتەوە لە بەرانبەر کوردی ئێران و تورکیا، ئایا من وردم لە وەی دەیڵێم؟ وتی: بەڵێ، من بەڵێنم پێت داوەو لەسەر بەڵێنی خۆمم. وتم: جا لە پێناو بەرزکردنەوەی سەرم لە بەرانبەر کوردی تورکیا تکا دەکەم ڕازی بە لەسەر ئەوەی شارۆچکەی شێخان و ئاکرێ دوو شارۆچکەی کوردین، وتی: ڕازیم. وە لە پێناو بەرزکردنەوەی سەرم لە بەرانبەر کوردی ئێران پێویستە ڕازی بی لەسەر زیاد کردنی خانە قین و کفری، وتی: بۆ کفری ڕازیم، بەڵام خانەقین بۆ دوای جەنگ لەبەر ئەوەی خاڵێکی گرنگە، وتم: باشە پێك هاتین. وتی: ئایا ئێوە ئامادەن بۆ**

---

(١) صلاح الخرسان، التيارات...، ص ص ٤٢٠ – ٤٢١.

(٢) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ٨٠.

(٣) دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ دوکتۆر فوئاد مەعسوم، لە ٢٣ی تەمموزی ٢٠٠٨، ئامادەکردنی: بەهێز حوسێن، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.

(٤) وتاری هەڤاڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان حوزەیرانی ١٩٨٩، گۆڤاری( K 21)، ژمارە( ٥–٦)، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٣٦٣.

**واژۆکردن لە ڕۆژی پێنج شەمە( ئەو ڕۆژە سێشەمە بوو)، وتم: تکایە مۆڵەتمان بدە تا ڕۆژی شەمە لەبەر ئەوەی برادەران چونەتە هەولێرو کەرکووکو دهۆك بۆ ئەوەی ناوی کاندیدەکان بهێنن بۆ هەڵبـژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی، لەگەڵ ناوی کاندیدەکانمان بۆ وەزارەتو ئەندامی ئەنجوومەتی تەنفیزی. پەیوەندی کرد بە لەتیف نسیف جاسمو وتی: خۆت ئامادە بکە لەبەر ئەوەی ڕۆژی شەمە چەژنی نیشتمانی ئێمەیەو، جەلال لای منەو ڕێککەوتووین ڕۆژی شەمە ڕای بگەیەنیین، هەموو شتێك ئامادەیە"[(1)].**

ئیتر بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەو دیدارەو ڕێککەوتنی ناو دانیشتەکان لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ١٩٨٤ شاندی یەکێتی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانیو ئەندامێتی هەر یەك لە فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵڵا، عومەر عەزیز، ئازاد هەورامیو سەربەست بامەڕنی، لەبەغدا بە یەکتر دەگەنەوەو، لە کۆشکی ئەنجوومەنی نیشتمانی لەگەڵ عیزەت دووری دانیشتن ئەنجام دەدەن، لە دانیشتنەکەدا تاڵەبانی بە عیزەت دووری ڕادەگەیەنێ کە ئەمان بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە هاتوون، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە بە سەدام حوسێنو گەڕانەوەی عیزەت دووری بۆ لای شاندی یەکێتی، ڕای دەگەیەنێ کە هێشتاکە هەندێ مەسەلە ماوە چارەسەر بکرێ، لێرەشدا ئەگەرچی دوای ئەمە چەند کۆبوونەوەیەکی تر ئەنجام دەدرێتو، لە ٦ی تشرینی یەکەم شاندی یەکێتی سەدام حوسێن دەبینن، بەڵام دانیشتنەکان بێ ئەنجام دەبێتو، لە دواجار شاندی یەکێتی بەبێ هیچ دەستکەوتێك لە ١٤ی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٤ دەگەڕێنەوەو، ئەمەش سەرەتای نا ئومێدیو کۆتایی دانوستانەکان دەبێت لەگەڵ ڕژێمی بەعس[(2)].

ئەنجام بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ڕژێم ئامادە نییە داواکارییەکان جێبەجێ بکات، سەرکردایەتی یەکێتی بە بڕیارێك لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥ کۆتایی دانوستانەکان ڕادەگەیەنێو هۆکارەکانی سەرنەکەوتنیش دەخاتە ئەستۆی ڕژێمەوە[(3)]. بەمەش ئەگەرچی هەوڵی بەردەوامیو کۆتایی نەهاتن بەردەوامی بە دانوستانەکان لەلایەن ڕژێمەوە دراوە، بەڵام بێ ئومێد بوونی سەرکردایەتی یەکێتیو بەردەوام بوونی ڕژێم لە سیاسەتەکانی وای کرد دووبارە جەولەیەکی دیکە شەڕ لە نێوان هێزەکانی یەکێتیو ڕژێم لە دوای شەهید کردنی نەجمەدین شوکر تاڵەبانی( مامە ڕیشە)و هاوڕێکانی لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥ بە فەرمی دەست پێ دەکاتەوە.

---

(١) جريدة شرق الاوسط، العدد( ١١٢١٣)، ١٠/ اغسطس/ ٢٠٠٩، لقاء خاص مع جلال الطاني، مفاوضات ١٩٨٣مع صدام كانت الأنجح . لكن الأتراك أفسدوها في اللحظة الأخيرة.

(٢) نەوشیڕوان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ٨٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر خدر مەعسوم، کۆیە، ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧.( خدر مەعسوم لە ساڵی ١٩٤٧ لە کۆیە لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی لە کۆیەو دواناوەندی لە بەغدا بریوە، ساڵی ١٩٣٧ کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی قاهیرە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٤ چۆتە ناو شۆڕشو، لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ لەندەن سەفەری کردووە، بەڵام هەر لەو ساڵە دەگەڕێتەوە شام بە هۆی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، ئینجا بەشداری شۆڕش دەکاتو تا ساڵی ١٩٨٦ وەکو پێشمەرگە ڕۆڵی بینیوە، دواتر چۆتەوە دەرەوەو بڕوانامەی دبلۆمو ماجستیرو دکتۆرای لە لەندەن تەواو کردووەو بۆتە مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی پزیشکی لەندەن، لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە سەرۆکی زانکۆی کۆیەیە).

(٣) بەیان نامەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی کۆتایی هینان بە ووتویژ لەگەل حکومەتی عیراق دا، کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ١٩٨٥/١/١٥. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە( ٧). وەرگیراو لە: فاتح رسول، المصدر السابق، الجزء الثالث، ص ص٦٥١– ٦٥٨؛ وتاری هەڤاڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان حوزەیرانی ١٩٨٩، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٣.

## بەشی دووەم: هەڵوێستی لایەنەکانو سیاسەتی ڕژێمو ئەنجامەکانی دانوستان

### تەوەری یەکەم: هەڵوێستە ناوخۆییو ناوچەییەکان لە بەرانبەر دانوستانەکاندا

دەست پێکردنی دانوستانەکان لەم ئانو ساتە پڕ لە ململانێیەی هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانو، عیراقو ناوچەکە، گومانی تیادا نییە هەڵوێستی جیاوازو کاردانەوەی زۆری لێدەکەوێتەوە. لێرەشدا بەر لەوەی هەنگاوەکانی دەست پێکردنی دانوستانەکان بچێتە قۆناغی فەرمییەوە، پەیوەندییەکانی یەکێتیو ڕژێمی بەعس بە گومانو بە شێوەی جیاواز باسی لێوە کراوە، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی دانوستانەکان دەچێتە قۆناغێکی فەرمییەوەو، یەکێتی بڕیاری خۆی لەگەڵ بەعسدا ڕادەگەیەنێو، ڕژێمیش وەڵامی ئەو هەنگاوەی دەداتەوە، هەڵوێستو کاردانەوەکان شێوازێکی دیکەی بە خۆیەوە دەبینێ.

سەرەتا ڕێکخستنەکانی ناوخۆی یەکێتی بەشێکیان لەگەڵ ئەنجامدانی دانوستان نەبوون، بە تایبەت ئەو ئەندامانەی کە لە وڵاتانی دەرەوەی وەکو سوریا، ئەوروپاو ئەمەریکا بوون، هەر ئەمەش بوو وای کرد لە دواتر وەك هەڵوێستو وەرگرتنو کاردانەوەیەك بەیاننامەیەك تایبەت بە جیابوونەوەی خۆیان لە یەکێتی ڕابگەیەنن[1]، ئەگەرچی یەکێتی بۆ ڕازی کردنو شیکردنەوەی هەڵومەرجی دانوستان لە سەرەتا فەرەیدون عەبدولقادر بۆ پاریسو، لە دواتریش مەلا بەختیارو خدر مەعسوم ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا دەکات، بەڵام هیچ یەك لەم هەوڵانە سەرکەوتن بە دەست ناهێنێو بەرەی دوژمنانی دانوستان لە ناو یەکێتی کەم ناکاتەوە، چونکە هەر ئەوانەی کە لەگەڵ شاندی سەرکردایەتی یەکێتی سەردانی بەغدایان دەکرد، لە دواوەو لەنێو دۆستانی خۆیان ناڕەزاییو گلەییان لە دانوستان دەکردو بە کارێکی خراپیان دەدایە قەڵەم[2].

بەرەی(جوقد)، کە یەکێتی یەکێك بوو لە لایەنە سەرەکییەکانی، هەر زوو ئەو هەنگاوەی بە خیانەت وەسف کردو، لە بەننامەیەکدا لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێو ئەندامێتی یەکێتی لە بەرەکەدا هەڵپەسارد، هەروەها ڕایگەیاند کە ئەمان ئاگاداری ئەو پەیوەندییەی یەکێتیو ڕژێم نین، کە لە ڕاستیدا پێشێلکارییە لە پەیرەوی ناوخۆی بەرەی( جوقد)دا[3]، دوا بەدوای ئەوەش هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ بڕیاری دەرکردنی یەکێتی یان لە ئەندامێتی(جوقد) ڕاگەیاند[4]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، بەرەی(جود)یش لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ لە بەیاننامەیەکدا بە توندی

---

(١) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ١٥؛ ئاسی ڕەباتی، هەڵوێستی یەکێتیو تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی دووەم، چاپی دووەم، سوید، ١٩٩٠، ل ٦٨.

(٢) عیراقو مەسەلەی کورد، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٦٩؛ ئەرسەلان باریز ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥. دیارترین نموونە ئەو ڕەوتە لە ناو یەکێتی( ئاڵای شۆڕش) بوو، مەلا بەختیار لەم ڕێکخراوە نهێنیە بوو، لە کاتێکدا ئەم ڕێکخراوە لە چەندین ئەندام، پێشمەرگە، کادیر، لێپرسراوو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی پێکهاتبوون، ئیتر هەر ئەمانە لە ناو خەڵکیدا تیروتوانجیان لە یەکێتی دەدا. شۆڕش حاجی، ئەنفال، کوردو دەوڵەتی عیراق، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٤٩.

(٣) بیان( جوقد):"حول المفاوضات المذلة التي اقدم عليها الاتحاد الوطني الكردستاني مع النظام الفاشي في العراق"، في ٢٥ كانون الاول ١٩٨٣. بڕوانە پاشکۆی ژمارە( ٤). وەرگیراو لە: فاتح رسول، المصدر السابق، الجزء الثالث، ص٦٤٩.

(٤) بیان( جوقد) تصريح الصحفي،" حول طرد الاتحاد الوطني الكردستاني من الجبهة الوطنية الديمقراطية"، ١٩٨٤/١/٢٣.

دژی ئەم هەنگاوە بوونو یەکێتییان بە خیانەتو جاشایەتی بۆ بەعس تاوانبار کرد[١]. جگە لەوەش چواردە پارتو بزاڤی کوردی لە کوردستانی تورکیا، عیراقو، سوریا ئەو دانوستانەیان سەرکۆنە کردو دژ بە ئاواتەکانی گەلی کورد لە قەڵەمیان داو، داوای ئەوەشیان لە لایەنگرانی یەکێتی کرد دژی بوەستنو هەوڵەکانی جەلال تاڵەبانی تێك بدەن[٢].

لە ڕاستیدا، جاشەکانیش ئەم هەنگاوەی نزیك بوونەوەی یەکێتیو ڕژێمیان پێ خۆش نەبوو، لەبەر ئەوەی بەم نزیك بوونەوەیە بەرژەوەندییەکان دەکەوتە مەترسییەوە. لێرەشدا کاتێك دەسەلاّتدارانی بەعس هەست بە نیگەرانیان دەکەن، خودی سەدام حوسێن لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ بە نووسراوێك سەعدی مەهدی (ئەمین سری نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور) ئاگادار دەکاتەوەو دەنووسێ: "... **هاوکاریو یارمەتی ئەو کەسانە زیاد بکەن کە لەم قۆناغەدا هاوکاریمان دەکەن، بە مەبەستی پاراستنیان،...، بۆ ئەوەی وا هەس نەکەن کە وتووێژ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کار دەکاتە سەر ژیانو گوزەرانیان**"[٣]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، بەعس بۆ بەرزکردنەوەی گیانی لایەنگرانی ژمارەیەك سمینارى ئەنجام دەداتو، لە بەهای دانوستان کەم دەکاتەوەو بەڵێنیان پێدەدات کە پشتیان تێناکەن[٤]. ئیتر ئەمە لە دواتر دەبێتە هاندەرەێك بۆ جاشەکانو، چەند جارێك لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی دەبێتە شەڕیانو، ڕژێمیش لە بەرانبەردا خۆی بێ دەنگ دەکات[٥]. ئەنجام کوژراو زیان لێکەوتوو لە هەر دوولا هەر کورد بووو، ئەمەش بۆ ڕژێم قازانج بوو.

هەر لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق، مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عیراقی، بەهۆی ئەوەی هێشتاکە هێرشەکەی یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی لە مانگی مایسی ١٩٨٣ لە بیرنەکردبووو، ئومێدێکی واشی بە ڕژێمی بەعس نەبوو، لە بەیاننامەیەکدا لە دژی دانوستان پێشانی ئەوە دەدات کە دانوستانی نێوان یەکێتیو ڕژێمی بەعس بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو لەمەوبەر هەموو ئەو شەڕانەی کە یەکێتی بۆ مەبەستی ئاستنەگ خستنە بەردەم یەکرێزی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانی عیراقی ئەنجامی داوە، وەك دیارییەك یەکێتی پێشکەش ڕژێمی سەدام حوسێنی کردووە[٦]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، حزبی سۆسیالیستی عیراقی لە سەرەتا کانوونی دووەمی ١٩٨٤، لە بەیاننامەیەکدا ڕادەگەیەنێت کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی

---

(١) بيان( جود):" لتقبر اتفاقية صدام- الطالباني المذلة"، في ١٩٨٤/١/٤. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٥). وەرگیراو لە: فاتح رسول، المصدر السابق، الجزء الثالث، ص٦٥٠.

(٢) بيان الاحزاب والحركات الكردية حول اتفاقية صدام حسين- جلال الطالباني، ١٩٨٤/١/١٠. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٦). وەرگیراو لە: صلاح الخرسان، التيارات...، ص ٧٨٠.

(٣) كتاب رئاسة الجمهورية/ السكرتير، العدد ١٤٧٢/١/٢/ك في ١٩٨٤/١٢/٢٠، الى الرفيق سعدي مهدي، امين سر مكتب تنظيم الشمال، سري للغاية وشخصي وعلى الفور. بڕوانە: نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ١٥٩.

(٤) شێخ جمال شێخ نوری، بیرەوەریەکانم لە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا( ١٩٧١- ١٩٨٨)، بەشی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ل٢٤- ٢٥؛ تاڵیب مۆریاسی، گەڕان بە دوای ڕاستیدا، یاداشتنامەی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس ڕوداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٥٣- ١٩٩٦، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پاك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٩٧.

(٥) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ٣٠؛ ڕێبار، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل٩٦ بەداوە.

(٦) بيان تصريح لناطق باسم المكتب السياسي للحزب الشيوعي العراقي،" حول الصفقة الخيانية بين القيادة الآتحاد الوطني الكردستاني الكردستاني والضغمة الدكتاتورية في بغداد"، ١٩٨٤/١/٣. وەرگیراو لە: صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث" الحركات الماركسية ١٩٢٠-١٩٩٠"، الطبعة الاولى، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت، ٢٠٠١، ص ص ٩٧- ٩٩.

**دانوستانی نێوان یەك لایەنی کوردیو ڕژێمی بەعس بەدی نایەت، هەروەها نارەزایی بەرانبەر بە دانوستانەکان نیشان دەداتو، بە ناپاکی لە بنەماکانی هاوپەیمانێیتیو بەردەوام نەبوونی یەکێتی لەسەر بڕیارەکانی کە لە بەرەی (جوقد) دابوو، لە قەڵەمی دەدات[1].**

**ئەگەر سەیر هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکە بکەین لە بەرانبەر دانوستاکانی یەکێتیو ڕژێمی بەعسدا. ئەوە ئێران هەر لەسەرەتاوە دژی دەبێتو،(هاشمی ڕەفسنجان)یش لە وتاری ڕۆژی هەینی هێرش دەکاتە سەری[2]. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو لە لایەك لەگەڵ عیراق لە شەڕ دابووو، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ یەکێتی نێوانی خۆش نەبوو. هەرچی تایبەتدارەیش بە سوریا کە شوێنگەیەکی گرنگ پاڵپشتیکاری یەکێتی بوو لە دوای دامەزراندنییەوە، ئەوە بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی دەرناخات، بەڵام بە هەواڵەکە نیگەران دەبێ، بە هۆی ئەوەی کە یەکێتی لە پێشتر لەم بارەیەوە ئاگاداری نەکردۆتەوە، بۆیە وەکو هەڵوێستو کاردانەوەیەك بەرانبەر بە دانوستان، کادیرانی یەکێتی لە وڵاتەکەی تەنگاو دەکات[3]. هەروەها تورکیاش وەك هەمیشە لەگەڵ هیچ هەنگاوێك نابێت کە مافەکانی کورد دەستبەر بکات، بۆیە لە ڕێگای وەزیری دەرەوە پەیامێك بۆ بەغدا ڕەوانە دەکاتو، داوا ئەوە دەکات ڕژێم دانوستانەکان ڕابگرێت[4].**

**جێگای ئاماژە بۆ کردنە، جیاواز لەم هەڵوێستانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن، ڕادیوی(حدکا) لەبەر پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ڕژێمی عیراقو وەك تاکتیکێکی سیاسەتی ڕژێم، لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ ئەو هەنگاوەی یەکێتی بەرز دەنرخێنێو، باس لەوە دەکات کە هێزێکی بێ لایەنی جەنگ کەوتۆتە هەڵوێستی پشتگیری کردنی حکومەتی نیشتمانی خۆیو بەرگری لە ئازادیو سەربەخۆیی وڵات دەکات[5].**

**شیاوی باسە، هەر لەگەڵ ئاشکرا بوونی دانوستانەکانی یەکێتیو ڕژێم، جیا لەوەی لایەنەکان هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند، بە کردەوەش خەریکی کاردانەوە بوون، ئەوەتە لەم ماوەیەدا لایەنەکانی ناو بەرەی(جود) بە شێوەیەکی گشتیو، پارتی بە تایبەتی چالاکییەکانیان زۆرتر دەکەن، بۆ ئەوەی لە لایەك ئامانجە سەرەکییەکانیان بسەلمێننو، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە ڕابگەیەنن کە بە دانوستانی تاك لایەنانەی یەکێتی بارودۆخی کوردستان ئارام نابێتەوە[6]. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی دەڵێ:"... لەو کاتەدا(مەبەستی سەردەمی دانوستانە- توێژەر) بزاڤو چالاکی پێشمەرگە لە بەرزبوونەوە دابوو، بەڵام ئیمکاناتی بەردەستی**

---

(١) بيان (حزب الاشتراكي العراق)،" حول المفاوضات التي قامت بها قيادة الاتحاد الوطني الكردستاني مع نظام الديكتاتوري الرجعي في العراق، في اوئل كانون الثاني ١٩٨٤.

(٢) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ١٥.

(٣) ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٩٤. نەوشێروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان نوێنەرانی خۆیان لە سوریا ئاگادار کردۆتەوە، یەکێتی لە بارودۆخێکی خراپ دایە، پێویستە سوریا هەوڵی ئەوە بدات جەخت بکاتە سەر ئێرانو لە ڕێی ئەوانیشەوە بەرەی(جود) تا پاڵەپەستۆکەیان بۆ سەر یەکێتی کەم بکەنەوە، ئەگینا یەکێتی ناچار دەبێت لەگەڵ ڕژێمی عیراق بکەوێتە دانوستانەوە، بەڵام نوێنەرەکانیان لەم بارەیەوە کەم تەرخەم بووینە. نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ١٥.

(٤) جاناتان ڕەندڵ، بەم هەموو تاوانەوە لێبووردنی چی؟، وەرگێڕانی: سەلاحەدین ئاشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٣٣٨.

(٥) د. عەلی تەتەر نیروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٨.

(٦) ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٩٤؛ جەعفەر مستەفا مەعروف، گوڵبژێرێك لە یاداشتەکانم، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل ١١٤.

**شۆڕش زۆر کەم بوو ئەگەر نە دەیانتوانی چالاکی زۆرترو گەورەتر ئەنجام بدەن"**[(١)]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکــەوە نەوشــێروان مســتەفا ئــەو هەڵوێســتو کاردانەوانــەی بــەرەی(جود) لــە کــاتی دانووســتانەکان وا لێکدەداتەوەو دەڵێ:" **داوو دەزگای پڕۆپاگاندەی حیزبەکانی جود کە لە ئێران بون، توشی هیستریا بوبون، هێرشەکانیان بۆ سەر یەکێتیو مامجەلالو سەرکردەکانی تری گەیشت بوە ئەو پەڕی ڕادەی نزمی. ئەم پرۆپاگەندانە لە ناو خەڵك دا دەنگی ئەدایەوەو، کاری ئەکردە سەر بنکەکانی یەکێتی، هۆی ڕاستەقینەی ئەم هێرشانەش ئەوە نەبو، کە ئەوان بە تەنگ بەرژەوەندییەکانی کوردەوەنو، یەکێتی فرۆشتویەتی، بەڵکو لە پلەی یەکەم دا ئەوە بو، ئەترسان ڕێککەوتنێکی وەکو ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دوبارە بێتەوە، یەکێتی بە هێز ببێو، ئەوان بپوکێنەوە، ترسەکەیشیان لە جێگەی خۆی دا بو"**[(٢)]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ، بەردەوامی کاردانەوەکانی بەرەی(جود) بۆ بە کەم سەیر کردنی دانوستانەکانو، باس کردنی لە بواری ڕاگەیاندنەوە، کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕەپانی ئەو کاتەی کوردستاندا، ئەگەر بزانیین ڕۆژانە لە وتاری ڕادیوکانیان جنیوو وتەی هەڵبەستراویان بە یەکدی دەوتو سوکایەتیان بە یەکتری دەکرد.

شیاوی باسە، هەر لەگەڵ سەرەتاکانی دەست پێکردنی دانوستانەکان وەکو کاردانەوەیەکی شەقامی کورد لـە لایـەن ژمارەیـەك ڕۆشـنبیرانی کـورد، هـەوڵی ئـەوەدرا کـە ئاشـتبوونەوەیەکی گشـتی لـە نێـوان یـەکێتیو لایەنـەکانی بـەرەی(جود) بێتـە کایـەوە. لـە چوارچێوەیەی ئـەو هەڵوێستەشـدا لـە ٢١ی کـانوونی یەکـەم ١٩٨٣ شاندێکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان کە پێکهاتبوون لـە:( فەرەیـدون دارتـاش، خالیـد سـەرکار، کامیـل ئەحمەدو شێرکۆ بێکەس) پێشنیاری ئاشتبوونەوەی یەکێتی لەگەڵ لایەنـەکانی بەرەی(جود) دەخەنـە بـەردەم جـەلال تاڵـەبانیو سـەرکردایەتی یەکێتییـەوە. ئـەمانیش بـۆ زیـاتر ورد بوونـەوە لـە بابەتەکـە دەیخەنـە بـەردەم کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیو، مەکتەبی سیاسیش بە کۆی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند دەکاتو، هەر بۆ ئەو مەبەستە لە ٢٥ی کانوونی یەکەم نامەیەك ئاراستـەی مەکتـەبی سیاسـی حزبـی شیوعی دەکات. لـەم بارەیـەوە نەوشـێروان مسـتەفا دەڵـێ:"... **یـەکێتی ئەیویسـت لـە ڕێگـەی حشـعەوە گفتوگـۆ لەگـەڵ لایەنـەکانی جـود دابمەزرێنێ، لە هەڵبژاردنی حشع دا دوو مەسەلە ڕەچاو کرابو( کەچی نووسەر باسی سێ مەسەلە دەکات- توێژەر): یەکەمیان، بارەگاکانی ئەوان لە ناو خاکی عیراق دابو، نوێنەرو نامەبەرەکانی ئێمە ئەیان توانی بێ ئەوەی توشی گرتنو گێچەڵی ئێران بن بیانگەنێ...، دوەمیان حشع لە چاو لایەنەکانی تری جودا کەمتر لە ژێر باری گوشارو ئیبتیزازی ئێران دابو، سێیەمیان حشع لە چاو لایەنـەکانی جودا لـە هـەموویان زیـاتر پێویستی بەوە هەبو دەرەتانی گەڕانەوەی کوردستانی عیراقی لێ بکرێتەوە"**[(٣)].

١٥ی کـانوونی دووەمـی ١٩٨٤ فەرەیـدون دارتـاش، محەمـەدی حەمـە بـاقیو محەمـەد مـوکری نامەیـەکی جـەلال تاڵـەبانیو نامەیـەکی مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی بـۆ بارەگـای حزبـی شـیوعی دەبـەن لـە کـەرەژاڵ[(٤)]، کـە تیایدا داوای دووبارە تازەکردنەوە پەیوەندی نێوانیان دەکرد، لێرەشدا ئەحمەد بانیخێلانی ئەندامی مەکتـەبی

---

(١)د. عەلی تەتەر نیروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤١.

(٢) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ٢٧.

(٣) نەوشێروان مستەفا ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل ل ١٦-١٧.

(٤) دێی کەرەژاڵ بە قەد شاخی سورێنەوەیە لەسەر سنووری ئێران.

سیاسی حزبی شیوعی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات و دەڵێ:" **ئێمە نامەكانمان لێ وەرگرتن و پاڵفتەی هەر دوو نامەكەمان بە بروسكە دا بە(م.س) خۆمان، بە وەفدەكەشمان گووت بارەگای(م.س)ی حزب لە ناوچەی (بەرزان)ەو بۆ ئێوە هاتوچۆ ئاسانە دەتوانن زووتر بیانگەنێ و نامەكانیان بۆ بەرن**"[1]، ئیتر هەر لەسەر ئەو ڕاسپاردەیە شاندەكە لە ٢١ی هەمان مانگ دەچنە بارزان و چاویان بە چەند بەپرسێكی حزبی شیوعی دەكەوێت و مەرجی ئەوە دەخەنە بەردەم یەكێتی، كە دەبێت دان بەوە دابنێت كە ڕووداوەكەی پشتئاشان[2] بە پیلانی بەعس كردوویەتی، بۆیە دەبێت داوای لێ بووردن بكات، بەمەش یەكێتی بەمەرجەكە ڕازی نابێت هەوڵەكە سەركەوتوو نابێت[3].

خراپ بەڕێوەچوونی دانوستانەكان و بە تەنگەنەوە نەهاتن لە جێبەجێ كردنی ڕێككەوتنەكان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، یەكێتی تووشی بێ ئومێدی كرد بوو، هەر بۆیە لەم چواچێوەیەدا لە لایەك هەوڵی نزیك بوونەوە لەگەڵ ئێران دەدات و[4]، لە لایەكی دیكەشەوە هەوڵێكی دیكە ئاشتبوونەوە لەگەڵ بەرەی(جود). بۆ ئەم مەبەستەش لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٤ فەرەیدون دارتاش و، محەمەدی حەمە باقی ڕەوانەی لای بەرپرسەكانی حزبی شیوعی دەكاتەوەو، لە هەمان كاتدا نامەیەكیش ئاراستەی مەكتەبی سیاسی پارتی لە ڕاژان[5] دەكات، بەڵام هیچ یەك لەم هەوڵانە سەركەوتن بەدەست ناهێنێت[6].

لە دواجاردا، بەردەوام بوونی ڕژێم لەسەر سیاسەتی خۆی لە ماوەی دانوستانەكانداو هەڵوێست وەرگرتنی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە بەرانبەری و كاردانەوەو پاڵپشتی كردنی لایەنەكانی ناو بەرەی(جود) لەگەڵ فاكتەرە ناوچەیی و نیودەوڵەتییەكان بوونە هۆكاری ئەوەی ئەنجامی دانوستانەكان سەركەوتوو نەبێت كە لە تەوەری داهاتوو ئەمە زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

---

(١) ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٦.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر كارەساتی پشتئاشان بڕوانە: قادر رشید( ئەبو شوان)، پشتئاشان لە نێوان ئازارو بێدەنگیدا، بێ شوێن و ساڵی چاپ.

(٣) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ١٨.

(٤) دیڤید ماكداول، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل ٧٢٦؛ سامی شۆرش، كردستان والاكراد، الحركة القومية و الزعامة السياسية ادريس بارزاني نمزجا، دار ئاراس للطبعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١، ص ١٦٤.

(٥) دێی ڕاژان دەكەوێتە دیوی كوردستانی ئێرانەوە.

(٦) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ١٨.

## تەوەری دووەم: سیاسەتی ڕژێم و هۆکاری سەرنەکەوتنی دانوستانەکان

ئاشکرایە هەر لە سەرەتاوە بڕیاردانی دانوستان لە لایەن ڕژێمی بەعس لەگەڵ یەکێتی، بۆ مەبەستی دانان نەبوو بە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، بەڵکو مەبەستی سوود وەرگرتن بوو لە کات و هەوڵ و مەرجی نەشەڕ نەئاشتی، بۆ ئەوەی لە لایەک سوپاکەی لە بەرەکانی شەڕی کوردستان بگوازێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ ئێران و، لەلایەکی دیکەش یەکێتی وەک هێزێکی کاریگەری ئەوکاتە لە چالاکییەکانی دوور بخاتەوە و لەبەر چاوی بخات. بەمەش لە چوارچێوەی هەندێ هۆکاری ناوخۆیی و ناوچەیی و هاوکاری نێودەوڵەتییەوە بۆ ڕژێم دانوستانەکان سەرکەوتوو نابێت.

### یەکەم: کاریگەری سیاسەتەکانی ڕژێم لە سەرنەکەوتنی دانوستانەکان

لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی ڕژێم لە سەرەتاوە کەوتە هەوڵی ئەوەی دانوستانەکان لای هەوادارەکانی بەکەم وەسف بکات و، تێیان بگەیەنێت کە لەسەر حیساب و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا نییە. بۆ ئەو مەبەستەش یەکێکی وەکو( شێخ جەعفەر)ی پارێزگاری سلێمانی ئەو کاتەی ڕاسپارد ڕۆژانە چاوی بە کارمەندانی میری بکەوێت و ئەوەیان پێ ڕابگەیەنێت، یەکێتی وەکو لایەنێکی سیاسی نەهاتووە دانوستان بکات، بەڵکو هەستیان بە هەڵەی خۆیان کردووە و، دەیانەوێت لێرە بەدواوە خزمەت بە خاکی عیراق بکەن و سنوورەکانی بپارێزن[1]. لێرەشدا ئەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کاتێک دەبینین ڕژێم بە هیچ شێوەیەک لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا گرنگی بە دانوستانەکان نادات و، ڕێگای بە دەزگا ڕاگەیاندنەکان نادات باسی ئەو بابەتە بکەن، لەبەر ئەوەی باسی کردنی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا گرنگی خۆی هەبوو، ئەگەر بزانین یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی لەم بارەیەوە دەڵێ:" **بۆ حاڵەتی ئاشتی... بە پێویستمان زانی کە حکومەت بە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن باسی وتووێژەکانمان بکات بۆ ئەوەی دونیا بزانێت کە ئێمە لەسەرچی قسە دەکەین بۆ پێک هاتین...**"[2]. بەڵام ڕژێم ئەو هەنگاوەی نەکرد. چونکە ئامانجی سەرەکی ڕژێم ئەوە بوو کە وا پیشان بدات هێزەکانی یەکێتی ڕۆڵەیەکی عیراقین و دەیانەوێت لە تەک ڕیزەکانی بەعس ڕووبەڕووی ئێرانییەکان ببنەوە و لە خزمەتی بنیاد نانەوەی عیراقی نوێدان، بۆیە ئەوان مەبەستیانە لەگەڵیان ڕێککەون[3].

لە لایەکی دیکەوە، ڕژێم لە بەردەوامی سیاسەتەکانی لە ماوەی دانوستان و، بۆ پێشگرتن لە بەردەوامی هەڵاتنی سەربازە کوردەکانی ناو سوپاکەی کە بەشێکیان لە لایەن هێزەکانی یەکێتییەوە پەنادرا بوون، لە ٧ی مارتی ١٩٨٤ بیست و چوار سەربازی کورد بە تاوانانی جێهشتنی خزمەتی سەربازی لە شاری سلێمانی گولەباران کرد[4]. بەڵام دواتر لە ژێر کاریگەری دەرکردنی بەیاننامەیەکی یەکێتی دژی ئەو ڕەفتارە، ڕژێم بە بڕیارێک گولەبارانکردنی سەربازی هەڵاتوو ڕا دەگرێ[5].

---

(١) تاڵیب موریاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

(٢) حەمە فەرەج هەڵەبجەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٥.

(٣) صبیح عبدالمجید، حوار مع الرفیق نعیم حداد، الاتفاق مع الاتحاد الوطني الكردستاني بات وشيكا، جريدة العراق، العدد( ٢٦٠٠)، ٨/٢٠/ ١٩٨٤، ص ٣.

(٤) نادر ئینتسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢٨٠.

(٥) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ٢٩.

جێگای ئاماژه بۆ کردنه، ڕژێم لەم ماوەیەدا بە دەرکردنی بڕیارێك لە ٢١ی نیسانی ١٩٨٤ بە ناوی (ئەنجومی سەرکردایەتی شۆرش)ەوە کە تیایدا بڕیاری سزای لە سێدارەدانی دانابوو بۆ هەر کەسێك بیەوێت بچێتە ناوی ڕێزی پارتێك یان کۆمەڵەو گوڕپێك کە ئامانجی گۆڕینی ڕژێمی بەعسی هەبێت، جا بە ڕێگای چەکداری بێت یاخود بە ڕێگای هاوکاری هێزە بیانییەکان. بەمەش لە لایەك ڕێگای گرتبوو لە پەیوەندی کردنی خەڵك بەڕێزەکانی یەکێتیو، لە لایەکی دیکەش بەربەستی دروست کردبوو لەبەردەم کارکردنی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لەسەر بەعسییەکان بۆ ئەوەی بەلا خۆیاندا ڕایان نەکێشن، چونکە سیاسەتی توتالیتاری بەعس وابوو کە خەڵك هەموو بەعسی بێت، تەنانەت ئەگەر بە پڕکردنەوە فۆرمیش بێت[1].

هەنگاوێکی دیکە سیاسەتی ڕژێم لە کاتی دانوستانەکان هەوڵدان بوو بۆ بە بەعسی کردنی خوێندکارانو ناچارکردنیان بە بەشداری کردن لە سوپای میللی( جیش الشعبي)دا، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بە نوسراوی ژمارە(١٠٧) لە ٥ی نیسانی ١٩٨٤، داوا لە خوێندکارانیان دەکات کە خۆیان بۆ بەشداری کردن لە سوپای میللی ناونووس بکەن، بەڵام کاتێك ئەو بڕیارە لەلایەن خوێندکارانەوە ڕەتدەکرێتەوەو ئامادە نابن بەشداری بکەن، لە لایەك ڕەنگدانەوەی توندی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێم لێدەکەوێتەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەوتی بارودۆخەکە بەرەو گرژی دەباتو لە لایەن خوێندکارانەوە مانگرتن ڕادەگەیەنرێت[2]. لێرەشدا کاتێك ئەم باوردۆخە کاریگەری دەبێت بەسەر شارەکانی دیکەی کوردستانو لە هەموو لایەك دەنگی ناڕەزایی بڵاودەبێتەوە، لایەنەکانی ناو بەرەی(جود) بە گشتی داوا لە کۆمەڵانی خەڵك دەکەن کە هاوکاری خوێندکاران بکەنو بە تەنیا لە گۆڕەپانەکە بە جێیان نەهێڵن[3]، هەروەها (مەسعود بارزانی)یش لە بانگەوازێکدا هانی خوێندکاران دەداتو، داوای پشتیوانی لە کۆمەڵانی خەڵك دەکاتو، پاڵشتی هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاریان ڕادەگەیەنێ[4]. ئیتر ئەم بارودۆخە لە دواتر زیاتر کاریگەری دەبێت لەسەر بەڕێوەچوونی دانوستانەکان، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی سلێمانیو بەشداری کردنی پێشمەرگەکانی یەکێتیو ڕێکخراوە خوێندکارانی سەر بە یەکێتی لە چالاکییەکان لە ناو ئاپورە جەماوەردا ئەوەی سەلماندووە، کە خەڵکیو بەشێك لە پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی یەکێتیش لە دانوستانو سیاسەتی ڕژێم ڕازی نیین[5]. بەمەش دەتوانرێت بووترێ بەردەوامی ئەو بارودۆخە پێچەوانەی ئەم بۆ چوونەی ڕژێم بوو

---

(١) د. عەلی تەتەر نێروەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٠.

(٢) بەیاننامەی خوێندکارە مان گرتووەکانی زانکۆ سەلاحەدینن کومیتەی سەرپەرشتی.( بڵاونەکراوە).بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٨)؛ زێرەڤان محەممەد، بیبلۆگرافیای خۆپێشاندانی قوتابیانی کوردستان لە نێوان ٥ی نیسانی ١٩٨٤تا ٢ی حوزەیرانی ١٩٨٤، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ژمارە(٤٦-٤٧)، هەولێر، ٢٤/٥/٢٠٠١، ل ل ١٨-٢٢.

(٣) محمد حاجی محمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕووداوەکانی ٢٠ساڵ خەباتی شۆڕشی نوێ گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦-١٩٩٦، بەرگی دووەم، ١٩٨٢-١٩٩١، ل ٦٦٣.

(٤ ) بانگەوازێك لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی وکوردستان، لە سەرۆك مەسعود بارزانیو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ جەماوەری خۆراگری کوردستان، ٢٦/٤/١٩٨٤. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٩). وەرگیراو لە، زێرەڤان محەممەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(٥) بەیاننامەی" یەکێتی خوێندکارانی کوردستان – عێراق " بە بۆنەی بەزۆرچەکدارکردنی خوێندکارانەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان– عیراق ٢٧/٤/ ١٩٨٤(بڵاونەکراوە)، بڕوانە پاشکۆی ژمارە( ١٠)؛ بەیان نامەی یەکیتی مامۆستایانی کوردستان بە بونەی درێژە پێدانی زەغتو زۆرداری دەرحەق بە مامۆستایانو خوێندکارانو ڕۆشنبیرانی کوردستان، یەکێتی

که پێی وابوو به دانوستان لەگەڵ یەکێتی بارودۆخی بەشێك لە ناوچەکانی کوردستان ئارام دەبێتەوەو بە ئاسانی دەتوانێ سیاسەتەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بە تایبەت لەم ناوچانەی کە یەکێتی تیایدا باڵا دەستە.

دەست لە پشتدان‌و هاندانی چەکدارە چاشەکان لەلایەن ڕژێمەوە یەکێکی دیکە بوو لەو سیاسەتانەی کە لە ماوەی دانوستانەکانیدا کێشەیان بۆ یەکێتی دورست کردبوو، لەبەر ئەوەی لەم ماوەیەدا پێشمەرگەکانی یەکێتی ڕژابوونە شارەکان‌و بە شەقامەکاندا هاتووچۆیان دەکرد، ئەنجام لەگەڵ چاش لێیان دەبووە شەڕو لە هەر دوولا دەکوژران، ئیتر ئەم بارودۆخەش بێ ئەوەی لێکدانەوەی بۆ بکرێت لە دواتر بە خراپ لەسەر یەکێتی شکایەوە، چونکە لەم بارەوە نەوشێروان مستەفا دەڵێ:"... **ئۆباڵی سەرەکی لەم بێ دسیپلینیەی پێشمەرگەدا ئەکەوتە ئەستۆ سەرکردایەتی یەکێتی ،چونکە خۆی هیچ نەرمییەکی لەگەڵ چاش‌و بەعسیەکانی کوردا نیشان نەدا، چاوپۆشی لە موخالەفەی پێشمەرگەکانی ئەکردو، لەسەر ئەو بەرەڵڵاییەی ئەیان نواند لێی نە ئەپرسینەوە، بەمجۆرە یەکێتی جاشەکانی ترساندو، وای لێ کردن بە هیچ جۆری لە یەکێتی نزیك نەبنەوە...**"[1].

**دووەم: کاریگەری هەوڵە ناوچەیی‌و نێودەوڵەتییەکان لە سەرنەکەوتنی دانوستانەکان.**

کاریگەر هەوڵی وڵاتانی ناوچەکە بۆ لەباربردنی دانوستانەکان‌و پاڵپشتی‌و هاوکاری کردنی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا بۆ ڕژێمی بەعس، یەکێکی دیکە بوو لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی دانوستانەکان. لەبەر ئەوەی هەر لەگەڵ بڕیاردانی یەکێتی بە دانوستان لەگەڵ ڕژێم ئەو وڵاتانەی هاوکاری یەکێتی بوون کەوتنە بانگەوازی ئەوەی دژی دانوستانن‌و هاوکاری خۆیان لە یەکێتی بری لە سەرووی هەموویانەوە سوریاو لیبیا، هەروەها تورکیاش نزیك بوونی ڕژێم‌و کوردی بە مەترسی لەسەر خۆی دەزانی، بۆیە بە هەموو شێوەیەك کەوتە هەڵپەی ئەوەی بارودۆخەکە لە بار ببات، لێرەشدا ئەوە زیاتر بە دیار دەکەوێت کاتێك شاندێکی تورکیا دێنە بەغداو تەرەگە دەخەنە بەردەم دانوستانەکانەوە[2].

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شاندێکی تورك بە بیانووی ئەوەی کە ئەم هەنگاوەی ڕژێم بۆ دانوستان لەگەڵ یەکێتی دەبێتە هاندانی کوردەکانی کوردستانی تورکیاو هەڕەشە لە ئاسایشی تورکیا دەکات، دێتە عیراق، لەو سەروبەندەش عیراق لە دوو لاوە پێویستی بە تورکیا بوو، یەکەمیان: بۆ دابینکردنی تێچوونی جەنگی ئێران، پێویستی بە تورکیا بوو لەبەر ئەوەی تاکە ڕێگای ناردنە دەرەوەی نەوت لوولەکانی تورکیا بوو. دووەمیان: تورکیا ڕێگایەکی گرنگی بازرگانی کەلوپەلی ئەوروپا بوو، ئیتر بەو دوو ڕێگایە دەیتوانی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر عیراقەوە، ئەگەرچی تورکیا هەم لە نەوت هەم لە بازرگانییەوە سوودمەندی باشی دەکرد[3]. بەمەش دەتوانرێت بووترێ، تورکیا ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە تێکدانی دانوستانەکان‌و بە

---

مامۆستایانی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت، کوتایی نیسانی ١٩٨٤(بڵاونەکراوە) بڕوانە پاشکۆی ژمارە( ١١)؛ جمال شێخ نوری، وێرانکاری‌و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەریەکانمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٢.

(١) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل ٣١.

(٢) دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل ٧٢٥.

(٣) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.

ئەنجام نەگەیشتنی، لەبەر ئەوەی جەلال تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەڵێ:" **ئێمە زانیمان شاندنی سەربازی تورکی لە بەغدایە، وە لە ڕێگای سەرچاوەیەکی تایبەت زانیمان شاندی تورکی پاڵەپەستۆی خستۆتە سەر ئەوەی ڕێککەوتن لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق نەبەسترێ، لەبەر ئەوەی هەڕەشەی برینی لووەکانی نەوتی کردبوو ئەگەر لەگەڵ ئێمە ڕێککەوتنایە**"، هەروەها تاڵەبانی لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ:" **لە ئەبو ئەحمەدم پرسی(مەبەسی عیزەت دوورییە- توێژەر) شاندی تورکی کارەکەی ئێمە تێکدا یان شتی دیکە؟ پێکەنی ئەبو ئەحمەد، وتی: نەفرەتی خوا لە تورکو ڕەچەڵەکیان بدات ڕێگەمان نادەن**"[(1)].

لە لایەکی دیکەوە، ئەو گۆڕانکارییەی کە داوای هەڵبژاردنەوەی( ڕۆناڵد ڕێگان) بە سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تشرینی دووەمی١٩٨٤ لە پەیوەندییەکانی نێوان عیراقو ئەمەریکا ڕوویدا، هۆکارێکی دیکەی سەرنەکەوتنی دانوستانەکان بوو، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا بە کەڵك وەرگرتن لە مانگی دەست کرد، زانیاری دەربارەی جموجۆڵی هێزەکانی ئێران ئاشکرا کردو، یارمەتی زۆری پێشکەش عیراق کردو، کێشەی بۆ سوپای ئێران دروست کرد[(2)]. ئیتر دانوستانەکانی نێوان یەکێتیو بەعس گرنگی نەما، چونکە سەدام حوسێن لە کانوونی دووەمی ١٩٨٣ چاوی بە نێردراوی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کەوتبووو، ئەوەی پێ ڕاگەیاندبوو، سەرنەکەوتنی عیراق پێچەوانەی بەرژەوەندی ولاتانی ناوچەکەیە، ئیتر بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بیروبۆچوونەی سەدام حوسێن لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٤ ئەمەریکاو ولاتە پیشەسازە گەورەکانی بەگشتیو، یەکێتی سۆڤیەتو فەرەنسا بەتایبەتی لەبەر مەترسیان لە سەرکەوتنی ئێران یارمەتی زۆریان پێشکەشی عیراق کرد، بەمەش سەدام حوسێنو ڕژێمەکەی پێویستیان بەوە نەبوو لە بەرانبەر کورددا سازش بکەن[(3)].

ئیتر لە ئەنجامی گرنگ نەمانی کارتی کوردیو، کەڵك وەرگرتنی لە ماوەی دانوستانو، بە دەست هێنانی هاوکاری دەرەکی، ڕژێمی بەعس نەهاتە ژێر باری جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی دانوستانەکانو دووبارە شەڕ لەگەڵ یەکێتی دەستی پێکردەوە.

---

(١) جريدة شرق الاوسط، المصدر السابق. جەلال تاڵەبانی لە وتاری کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شوباتی ٢٠٠١ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١و دەستپێکردنی دانوستانەکانی بەرەی کوردستانیو ڕژێم لە دانیشتنێکدا سەرانی ڕژێم دانیان بەوە ناوە کە تورکیا ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەسەرنەکەوتنی دانوستانەکانی یەکێتیو بەعس. هەڤاڵ مام جەلال، ڕاپۆرتی گشتی...، ل ٢٠.

(٢) جۆدێت میلەرو لۆری مایللەر، لەتکریتەوە بۆ کوێت، وەرگێڕانی: مەریوان غەریبو کامەران غەریب، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٤٩.

(٣) دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل ل ٧٢٤-٧٢٥؛ ئەحمەد بامەڕنی، بەهاری کورد، گۆڤاری ڕووناکبیری، ژمارە(٥٧)، بەشی ڕووناکبیری لە مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەریدەکات، سلێمانی، ٥/٧/ ١٩٩٧، ل١٢- ١٣.

## ئەنجام:

- هەردوو لایەنی بەشداربووی دانوستانەکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی بەعس، بارودۆخێکی خراپ و قەیراناوی ناچار بە دانوستانی کردوون.
- دانوستانەکان لە گەرمەی جەنگی عیراق– ئێران دەستی پێکردووە، بۆیە ئەگەر بە هەر ئەنجامێکی باشیش گەیشتابا، لەسەر ئاستی کوردستان بە قازانجی بەعس تەواو دەبوو، لەبەر ئەوەی یەکێتی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی دەبوو ئاستی پێکدادانی هێزەکانی هەم لەگەڵ ئێران، هەم لەگەڵ بەرەی(جود) پەرەپێبدات.
- لەبەر ئەوەی هەردوولایەنی ناکۆك بە دوو بیروبۆچوونی جیاوازەوە چوونەتە دانوستانەوەو، ئاسۆیەکیش بە دی نەکراوە لە دواتردا بیروبۆچوونەکانیان یەك بخەن، بۆیە بە گومانەوە سەیری یەکتریان کردووەو، کاتەکەیان لە باری نەشەڕ، نە ئاشتی گوزەراندووە.
- دانوستان و هەنگاوێکی لەم شێوەیە هەر لەسەرەتاوە ئەم هەموو هەڵوێستە ناوخۆیی و دەرەکییە دژی بێت سەرکەوتوو نابێت، بە تایبەت ئەگەر لایەنێکی سەرەکی ڕێککەوتنەکە ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن بێت.
- ئەگەرچی لە ماوەی دانوستان یەکێتی بۆ پشوودان و خۆ ڕێکخستنەوە سوودی بینیوە، بەڵام لە لایەکی دیکە زەرەمەند بووە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هەواداران و کادیرو پێشمەرگەکانی بە تایبەت ئەوانەی لە دانوستان نارازی بوون لە یەکێتی جیابوونەتەوە.
- لە ناوەرۆکی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان ئەگەرچی زۆرێك لە مەسەلەکان باسکراوەو هەوڵی چارەسەر کردنی بۆ دراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر کاغەزو بە بەڵگەی فەرمی نەبووە، نەیتوانیوە دەستکەوتێکی دیکە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەگشتی و یەکێتی بە تایبەتی بە دەست بێنێ.
- ڕاستە دانوستانەکانی یەکێتی و ڕژێمی بەعس وەکو جاران هیچی لێ هەڵنەکراوە، بەڵام بووتە پێشوازی بۆ دەروازەیەکی دیالۆگی قووڵ و درێژخایەن لە نێوان لایەنە کوردستانییەکان، کە لە دواتر بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٦ لێ کەوتەوە.

## كورتەی باسەكە بە زمانی عەرەبی( ملخص البحث بالغة العربية )

أدّت الحربُ العراقية الإيرانية(١٩٨٠–١٩٨٨) إلى تطور سريع لحركة التحرر الكوردية التي بحق نقطة تحول جذرية بعد انهيار ثورة أيلول في أذار ١٩٧٥، وقد اتسمت هذه العُدّة بسماتٍ معيّنة، منها ظاهرة التعددية السياسية، وكان لهذه الظاهرة جوانبها السلبية والإيجابية، فلوضع السياسي في العراق كان سياً جداً، وخصوصاً في عام ١٩٨٢، وكان الاتحاد الوطني الكوردستاني أحد الأطراف القوية في بداية الثمانينات، مع أنه كان يعاني من مشاكل عديدة مع أطراف أخرى من معارضين، وذلك ماجعله بحاجة لإجراء المفاوضات مع الحكومة العراقية.

وهذه الدراسة محاولة لتسلط الضوء على تلك المفاوضات وإبراز جوانبها السلبية والإيجابية، وهي مؤلفة من مقدمة و فصلين:

المقدمة تهتم بدراسة الوضع السياسي وظهور العديد من الأحزاب والمنظمات الكوردية سنة التفاوض ١٩٨٣.

أما الفصل الأول فينقسم على قسمين: القسم الأول يتناول الوضع السياسي في الاتحاد الوطني الكوردستاني والحكومة العراقية، والقسم الثاني يتناول بدء المفاوضات و إجتماعات اللجان المشتركة.

ويتألف الفصل الثاني ايضاً من قسمين، يُعنى القسم الأول بموقف الاعضاء السياسين للاتحاد الوطني الكوردستاني وأعضاء الحركات الكوردية والعراقية، أما القسم الثاني فيتحدث عن موقف الحكومة العراقية من هذة المفاوضات.

## كورتەی باسەكە بە زمانی ئینگلیزی( Abstract )

The first Gulf war 1980-1988 led to the swift rise of the Kurdish liberation movement, it was really a radical turning point after the collapse of the September revolution 1975. This period carries certain features, one of them the phenomenon of political pluralism. This phenomenon has its negative and positive aspects. The political situation in Iraq was very bad especially in 1982. PUK was one of the strong parties in 1980s. It had many opponents within the Kurdish liberation movement so it had a very critical situation. Thus PUK and Iraqi Government need to make a negotiation.

This paper attempts to shed light on that negotiation and show its negative and positive aspects.

It comprises an introduction and two chapters. The introduction is a survey of political situation and the appearance of many parties and organizations until the year of negotiation 1983.

The first chapter is divided into two sections. The first section covers the political situation of PUK and Iraqi Government. The second one is about the commence of negotiation and meetings of co- committees.

The second chapter is also two sections. The first section deals with the political stand of the members of PUK and Kurdistan and Iraqi parties and organizations. The second section talks about the stand of Iraqi Government of this negotiation.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: دیکیومێنتی بڵاونەکراوە**


- ❖ بەیاننامەی خوێندکارە مان گرتووەکانی زانکۆ سەلاحەدینن کومیتەی سەرپەرشتی.
- ❖ بەیاننامەی" یەکێتی خوێندکارانی کوردستان – عێراق " بە بۆنەی بەزۆر چەکدارکردنی خوێندکارانەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان– عیراق ٤/٢٧/ ١٩٨٤.
- ❖ بەیان نامەی یەکیتی مامۆستایانی کوردستان بە بونەی درێژە پێدانی زەغتو زۆرداری دەرحەق بە مامۆستایانو خوێندکارانو رۆشنبیرانی کوردستان، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت، کوتایی نیسانی ١٩٨٤.

**دووەم: دیکۆمێنتی بڵاوکراوە**

**ئەلیف: بە زمانی کوردی**

- ❖ بەیاننامەی حزبی شیوعی عیراق– کۆمیتەی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی راپەرینی کۆمەڵانی خەڵکی قارەمانی شاری قەڵادزێ وە، ٢٦ی نیسانی ١٩٨٢.
- ❖ بەیاننامەی سەرکردایەتی ی.ن.ك دەربارەی راپەرینی خەڵکی کوردستان، ئایاری ١٩٨٢.
- ❖ بەیاننامەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە بۆنەی راپەرینی خەڵکی کوردستانەوە، ئایاری ١٩٨٢.
- ❖ بەیان نامەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی کۆتایی هینان بە ووتویژ لەگەل حکومەتی عیراق دا، کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ١٩٨٥/١/١٥.
- ❖ مام جەلال، راپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای ناوەندی راگەیاندنی ی.ن.ك، سلێمانی، ٢٠٠١.
- ❖ مام جلال، وتاری هەڤاڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان حوزەیرانی ١٩٨٩.
- ❖ مام جەلال، یوبێلی زێوین، بەشی هوشیاریو ڕۆشنبیری مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی ی.ن.ك، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- ❖ میدیل نیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماردانی ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێرانی: حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- ❖ چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵێك گوتارو چاوپێکەوتن، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- ❖ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، چاپی دووەم، بنکەی چاپخانەی ئاسۆس، سوید ١٩٨٥.

**بێ: بە زمانی عەرەبی**

- ❖ بيان الاحزاب والحركات الكردية حول اتفاقية صدام حسين– جلال الطالباني، ١٩٨٤/١/١٠.
- ❖ بيان المكتب السياسي لحزب الشيوعي العراقي،" حول الصفقة الخيانية بين القيادة الآتحاد الوطني الكردستاني والضغمة الدكتاتورية في بغداد"، ١٩٨٤/١/٣.
- ❖ بيان (حزب الاشتراكي العراق)،" حول المفاوضات التي قامت بها قيادة الاتحاد الوطني الكردستاني مع نظام الديكتاتوري الرجعي في العراق، في اوئل كانون الثاني ١٩٨٤.
- ❖ بيان( جود):" لتقبر اتفاقية صدام– الطالباني المذلة"، في ١٩٨٤/١/٤.
- ❖ بيان( جوقد):" حول المفاوضات المذلة التي اقدم عليها الاتحاد الوطني الكردستاني مع النظام الفاشي في العراق"، في ٢٥ كانون الاول ١٩٨٣.
- ❖ بيان( جوقد) تصريح الصحفي،" حول طرد الاتحاد الوطني الكردستاني من الجبهة الوطنية الديمقراطية"، ١٩٨٤/١/٢٣.

❖ كتاب رئاسة الجمهورية/ السكرتير، العدد ١٤٧٢/١/٢/ك في ١٩٨٤/١٢/٢٠، الى الرفيق سعدي مهدي، امين سر مكتب تنظيم الشمال، سري للغاية وشخصي و على الفور.

سێیەم: بیرەوەرییەکان

❖ ئەحمەد بانیخێڵانی، بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٨.
❖ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، رۆژانی سەخت( بیرەوەری)، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
❖ پشکۆ نەجمەددین، دیوی ناوەوەی ڕوودوەکان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.
❖ تاڵیب مۆریاسی، گەڕان بە دوای راستیدا، یاداشتنامەی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس رووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٥٣– ١٩٩٦، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پاك، سلێمانی، ٢٠٠٤.
❖ جمال شێخ نوری، بیرەوەریەکانم لە رێکخستنی کۆمەڵەدا( ١٩٧١– ١٩٨٨)، بەشی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ١٩٩٨.
❖ جمال شێخ نوری، وێرانکاریو تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەریەکانمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥.
❖ جەعفەر مستەفا مەعروف، گوڵبژێرێك لە یاداشتەکانم، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩.
❖ حەمە فەرەج هەلەبجەیی، لە شنرویّ وە بۆ ستۆکهۆلم چەند لاپەڕەیەکی یادگاریەکانم لە شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٠.
❖ رێباز، قەندیل بەغدای هەژارند یادداشتی پێشمەرگایەتی ١٩٨٠– ١٩٨٨، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣.
❖ عوسمان کانی پانکەیی، سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٨.
❖ عەبدولا وسو عەبدولا باوزی، بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی نوێدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئوفسێتی ژین، سلێمانی، ١٩٩٩.
❖ محمد حاجی محمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك باسی رووداوەکانی ٢٠ ساڵ خەباتی شۆڕشی نوێ گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦–١٩٩٦، بەرگی دووەم،١٩٨٢–١٩٩١.
❖ محمد حاجی محمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك باسی رووداوەکانی ٢٠ ساڵ خەباتی شۆڕشی نوێ گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦–١٩٩٦، بەرگی سێیەم ١٩٨٧– ١٩٩١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١.
❖ محەمەد مەلا قادر، سەربردە، کورتەیەك لە بیرەوەرییەکان، دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

چوارەم: دیمانە

❖ مەلا بەختیار، ٤ی شوباتی ٢٠٠٨، هەولێر.
❖ دوکتۆر خدر مەعسوم، ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧، کۆیە.
❖ دوکتور فوئاد مەعسوم، لە ٢٣ی تەمموزی ٢٠٠٨، ئامادەکردنی: بەهێز حوسێن، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.
❖ نەوشێروان مستەفا ئەمین، ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨، سلێمانی.

پێنجەم: کتێب

ئەلیف: بە زمانی کوردی

❖ ئاراس عەبدولرحمان مستەفا، راپەرینی ئاداری(١٩٩١) لە باشووری کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، سلێمانی،٢٠٠٩.
❖ ئازاد خانەقینی، ٢٥ ساڵ سەروەری رۆژمێری روداوەکانی ی.ن.ك ١٩٧٥–٢٠٠٠، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠.

- ❖ ئاسی ڕەباتی، هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی دووەم، چاپی دووەم، سوید، ١٩٩٠.
- ❖ برزۆ عەلی هەژار، شەهیدی سەرکردە عەلی هەژارو ژیانی و خەباتی سیاسی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣.
- ❖ بەهرۆز گەلالی، ڕەسول مامەند ٥٠ ساڵ تەمەن و ٣٣ ساڵ خەبات، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.
- ❖ پیاونامە، گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی ئەمر عەلی عەسکەرییە، کۆمەڵێك هاوڕێی شەهید، چاپی یەکەم، سلێمانی ،٢٠٠٤.
- ❖ جاناتان ڕەندڵ، بەم هەموو تاوانەوە لێبووردنی چی؟، وەرگێرانی: سەلاحەدین ئاشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- ❖ جۆدێت میلەرو لۆری مایللەر، لەتکریتەوە بۆ کوێت، وەرگێرانی: مەریوان غەریب و کامەران غەریب، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- ❖ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- ❖ ژیرارد چالیاندو ئەوانی تر، گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، وەرگێرانی، م. گۆمەیی، سوێد، ١٩٩٨.
- ❖ سەروەر عەبدالرحمن عمر، یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕشی ١٩٧٥- ١٩٧٦، سەنتەری چاپ و بەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- ❖ شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیووی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان سالأنی ١٩٤٦- ١٩٨٣دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خۆیبوون، دانیمارك، ٢٠٠١.
- ❖ شەماڵ عەبدوڵڵا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- ❖ شۆڕش حاجی، ئەنفال، کوردو دەوڵەتی عیراق، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- ❖ عبدالله حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٥.
- ❖ د. عەلی تەتەر نێروەی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە سالەکانی جەنگی عێراق و ئیران دا (١٩٨٠- ١٩٨٨) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.
- ❖ عیراق و مەسەلەی کورد، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك) ، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- ❖ فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٦.
- ❖ قادر رشید( ئەبو شوان)، پشتئاشان لە نێوان ئازارو بێدەنگیدا، بێ شوێن و سالّی چاپ.
- ❖ کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆیی، وەرگێرانی: ئەکرەمی میرداد، چاپخانەی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- ❖ مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو لێکدانەوەی ئاوەژوونەکردنی ڕاستیەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٨.
- ❖ نادر ئینتسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، وەرگێرانی: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١.
- ❖ نەوشێروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٨.
- ❖ نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
- ❖ نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری ڕووباری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥- ١٩٧٨، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٧.

❖ هۆشمەند عەلی مەحموود شێخانی، عبدولڕەحمان قاسملوو ژیانو ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا ١٩٣٠ ١٩٨٩ توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

**بێ: بە زمانی عەرەبی**

❖ حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستانى– العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦– ١٩٩٣، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٨.

❖ تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، ترجمه جابر ادريس، الدار العربيه للعلوم، بيروت، لبنان، ٢٠٠٦.

❖ دار الاعلام الخارجي، العداء الايراني للعراق متابعة لا قوال الخميني واعوانه، الطبعة الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣.

❖ سامى شۆرش، كردستان والاكراد، الحركة القومية و الزعامة السياسية ادريس بارزاني نمزجا، دار ئاراس للطبعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١.

❖ صلاح خرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات و الاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦– ٢٠٠١، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١.

❖ صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث" الحركات الماركسية ١٩٢٠–١٩٩٠"، الطبعة الاولى، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت، ٢٠٠١.

❖ فاتح رسول، صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي، ترجمة و تقديم: كمال غمبار، الجزء الثاني والثالث، المطبعة تيشك، السليمانية، ٢٠٠٦.

**شەشەم: گۆڤار**

**ئەليف: بەزمانی کوردی**

❖ ئەحمەد بامەڕنی، بەهاری کورد، گۆڤاری رووناکبیری، ژمارە( ٥٧)، بەشی رووناکبیری لە مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەریدەکات، سلێمانی، ٥/ ٧/ ١٩٩٧.

❖ د. دلێر ئەحمەد حەمەدو د. سەروەر عبدالرحمان عمر، دانوستاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(١١)، کۆیە، ئایاری ٢٠٠٩.

❖ زەریا، راپەرینی قەڵادزێو چەند سەرنجێک، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە(٥)، ئایاری ١٩٨٢.

❖ زێرەڤان محەممەد، بیبلۆگرافیای خۆپێشاندانی قوتابیانی کوردستان لە نێوان ٥ی نیسانی ١٩٨٤تا ٢ی حوزەیرانی ١٩٨٤، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ژمارە(٤٦–٤٧)، هەولێر، ٢٤/٥/٢٠٠١.

**بێ: بە زمانی عەرەبی**

❖ د.دلير اسماعيل حقي، العامل الكردي في الحرب العراقية– الايرانية، مجلة زانكۆ، مجلة العلمية لجامعة صلاح الدين، المجلد الاول، العدد(٢)، اربيل، ١٩٩٨.

**حەوتەم: رۆژنامە**

❖ جريدة شرق الاوسط، العدد( ١١٢١٣)، ١٠/ اغسطس/ ٢٠٠٩، لقاء خاص مع جلال الطالباني: مفاوضات 1983 مع صدام كانت الأنجح ..لكن الأتراك أفسدوها في اللحظة الأخيرة.

❖ صبيح عبدالمجيد، حوار مع الرفيق نعيم حداد، الاتفا ق مع الاتحاد الوطني الكردستاني بات وشيكا، جريدة العراق، العدد( ٢٦٠٠)، ٢٠/٨/ ١٩٨٤.